Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10401

# ململانێ چەکداری هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق 1976 (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ) بەنمونە.

**زانا فەقێ مجد[١] ، ئاکۆ عبدالکریم شوانی[٢]**

١- بەشی مێژوو، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢ - بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە پێناو ئەوەدابوو دووبارە دەست بەخەباتی چەکداری بکاتەوە لە دژی حکومەتی عێراق، سەنگەرەکان دووبارە ئاوەدان بکرێنەوە، یەک لە شکری رزگاری نیشتیمانی پێکبهێنرێت، خەباتی سیاسی ببوژێتەوە، لەم پێناوەیشدا سەرکردایەتی ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)، لە ناوخۆ و دەرەوە ئامادەکاری بۆکرد، هەر دوو پرۆژەی (نەخشەی رزگاری)و (پەیرەوی دەستە چەکدارەکان)ی ئامادە کرد، 1ی حوزەیرانی 1976 وەك رۆژی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە باشوری کوردستان دیاریکرد لە دژی حکومەتی عێراق، پێکهاتەی توێژینەوەکەمان لە پێشەکییەك و دوو باسی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، باسی یەکەم بە ناونیشانی (دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان) و هەرچی باسی دووەم تەرخانکراوە بۆ خستنە رووی ململانێ چەکداریەکانی نێوان هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و هێزەکانی سوپای عێراق لە ساڵی 1976، ئەنجام تەرخانکراوە بۆ هەڵهێنجانی گرنگترین بیرو بۆچوونەکان سەبارەت بە دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە باشوری کوردستان ، هەوڵمانداوە بە پشت بەستن بەسەرچاوەکان زۆرترین زانیاری دەربارەی ناونیشانی توێژینەوەکەمان بخەینە روو.

***Article Info***

Received: August, 2023

Revised: August, 2023

Accepted: September, 2023

***Keywords***

حکومەتی عێراق ، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، جەلال تاڵەبانی، مەفرەزە سەرەتاییەکان، ململانێی چەکداری، قیادە موەقتە، بادینان.

***Corresponding Author***

Zana.faqe@garmian.edu.krd

## پێشەکی:

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پاش دوو مانگ لە هەرەسی شۆرشی ئەیلوول لەلایەن (جەلال تاڵەبانی)یەوە دادەمەزرێت، دامەزراندنیش بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بوو لە باشوری کوردستان، ئەمەیش دوای ئەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)لە دەرەوە و ناوخۆی وڵات بریاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دەدەن لە دژی حکومەتی عێراق لە باشووری کوردستان، لەم پێناوەیشدا یەکەمین پرۆژەی چەکداری بە ناوی(نەخشەی رزگاری) لە دیمەشقی پایتەختی سوریا لە٢٣ی ئایاری١٩٧٦ دادەنێت، وەك بناغەیەك بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، هەروەها لە لایەن ئەندامانی ریکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (پەیرەوی دەستە چەکدارەکان) ئامادەدەکرێت بۆ رێکخستن و خەباتی هێزی پێشمەرگە. 1976/6/1 دەکرێت بە رۆژی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە باشوری کوردستان، بەمجۆرە ( یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان/ ی.ن.ک)، دەبێتە یەکەمین پارت، لە دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلوول بریاری دەستپیکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق دابێت. ئەمەش دوای دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان لە دەرەوە و ناوخۆی وڵات.

## گرنگی توێژینەوە و هۆکاری هەڵبژاردنی:

گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، هەوڵمانداوە، بەشێوەیەکی ورد و زانستی چۆنیتی دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان لە دەرەوە و ناوخۆی وڵاتت بخەینەروو، لەگەڵ سەرجەم چالاکی و رووبەرووبونەوەکانی هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک)لەگەڵ هیزەکانی حکومەتی عێراق لە ساڵی 1976ئەمەش بە پشتبەستن بووە بە چەندین پەرتووك و گۆڤار و رۆژنامە و بەڵگە و چاوپێکەوتن بڵاوکراوەی تایبەت، دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە باشوری

کوردستان بە سەرەتای شۆڕشی نوێ دادەنرێت، ئەمەیش گرنگ و بایەخی خۆی هەیە، چونکە کاریگەری هەبووە لە ڕووداوەکان و ئاراستەکردنیان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لەم توێژینەوە، لە پلەی یەکەمدا بۆ خستنەڕووی هۆکارەکان و چۆنێتیی دروستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکان و ئەرکەکانیانە، لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕووداوەکانە، هەروەها پیشاندان و ڕوونکردنەوەی پرەنسیپەکان و دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان، دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارییە لەلایەن (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ەوە لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول. لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵدراوە بە تێگەیشتن لە بارودۆخی ئەو کاتە هۆکار و چۆنێتی دەستپێکردنەوەی ململانێی چەکداری لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی عێراق .

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەو میتۆد و ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێ بەستراوە، بریتییە لە میتۆدی (وەصفی _ شیکاریی)، لەسەر بنچینەی هەڵهێنجان سەرچاوەی گرتووە. بۆ توێژینەوە لەسەر ڕووداوەکان پشت بە چەندین سەرچاوە بەستراوە، وەك (چەندین پەرتووك بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی، تویژینەوەی ئەکادیمی و گۆڤار و ڕۆژنامە و چاوپێکەوتن و چەندین بڵاوکراوەی تر)، هەوڵدراوە، ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زانستییانە و کورت و پووخت لێکدەینەوە و بۆچوونی خۆمان دەربارەیان بخەینەڕوو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و دوو باس و ئەنجام پێکهاتووە، تا بتوانرێت هەموو لایەنە گرنگەکانی بابەتەکە ڕوونبکرێتەوە، لە باسی یەکەمدا (دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان)، خراوەتەڕوو، لەباسی دووەمدا لەژێری ناوی ( ململانێە چەکداری هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) و هێزەکانی حکومەتی عێراق )1976، هەوڵدراوە تیشکبخرێتە سەر سەرجەم چالاکی و ڕووبەڕووبونەوەکانی هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) و هیزەکانی حکومەتی عێراق لە ساڵی 1976. لە کۆتایدا هەوڵمانداوە گرنگترین ئەو ئەنجامەنەی پێی گەیشتووین بە خاڵ بیانخەینەڕوو.

## کێشە و گرفتەکانی توێژینەوەکە:

کێشە و گرفتی ئەم توێژینەوەی ئێمە، بە پلەی یەکەم ئەوەیە هیچ سەرچاوەیەکی حکومەتی عێراق لە بەردەستدا نیە بۆ سود وەرگرتن لێی، ئەمە لەکاتێکدا بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار هەوڵمانداوە بۆ بەدەستخستنی، چ لە ڕێگای سەردانیکردنمان بۆ شاری بەغداد بووبێ چ هەوڵدان لە ڕێگای چەندین کەسەوە، بەڵام بە بیانووی فەتانیان هیچ سەرچاوە و بەڵگەیەکمان دەست نەکەوتووە، بەشێکی تر لە گرفتەکانمان، بەشێك لەو پێشمەرگانەی بەشداربوون لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە ژیاندا نەماون، وێرای ئەوەی هەندێکیان ئامادەییان تێدا نەبوو قسەمان بۆ بکەن.

## گرنگترین سەرچاوە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان هەوڵدراوە زۆرترین سەرچاوەی پەیوەست بە ناونیشانی توێژینەوەکەمان بەکاربهێنین، ئەمەیش لەپێناو ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان بە شێوەیەکی زانستی، سەرچاوەکانیش بریتین لە (پەرتووك و بەڵگەنامە و گۆڤار و ڕۆژنامە و چاوپێکەوتن و سایتە ئەلیکترۆنییەکان)، پەرتووکەکانیش بە زمانی جۆراوجۆرن، گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەیەدا سوودێکی زۆریان لێوەرگیراوە، بریتین لە (مام جەلال، دیداری تەمەن لەلاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی سەڵاح ڕەشید، ب٢، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧؛ پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا، بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد، چ٢، چاپخانەی کار، سلێمانی ٢٠١٨؛ مەلا بەختیار: لەبری بیرەوەری، چ١، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠٢٠، ؛ نەوشیروان مستەفا: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٥ -١٩٧٨، ب،چ، لەندەن، ١٩٩٧، برایم جەلال: چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چ٣، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٣). جگە لە چەندین ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشێك لە کارەکتەرەکانی ڕووداوەکان.

## باسی یەکەم: دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان.

دوای دوو مانگ لە(هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول)، بیرۆکەی دامەزراندنی حزبێکی نوێ لە ژێر ناوی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)، لای(جەلال تاڵەبانی1933-2017) گەڵاڵە دەبێت، بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییەی لە ئەنجامی هەرەسی شورشی ئەیلوول دروستبوو [1] ، دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، لە پێناو ئەوەدابوو، دووبارە دەست بەخەباتی چەکداری بکاتەوە لە دژی حکومەتی عێراقی، سەنگەرەکان دووبارە ئامادەبکرێنەوە، یەک لە شکری ڕزگاریی نیشتیمانی پێکبهێنرێت، خەباتی سیاسی ببوژێتەوە وچەکداربکرێنەوە[i]، هەربۆیە سەرکردایەتی(ی.ن.ک)بڕیار دەدەن، ١ی حوزیرانی١٩٧٦، لەساڵیادی (ی.ن.ک)بکەن، بە ڕۆژی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری[ii]، بەمەش یەکێتی دەبێتە یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بدات[iii] ئەمەش دەرئەنجامی چەندین فاکتەر و پاڵنەر بوون[iv]. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو سوریا مەڵبەندی کۆکردنەوەی هێزە نەیارەکانی حکومەتی عێراق و چەپەکانی عێراقبوو، یارمەتیدەرێکی باشی هێزە ئۆپۆزسیونە عێراقیەکانبوو[v]،

هەربۆیە (ی.ن.ک)، سوریای کردە مەڵبەندی خۆی بۆ دەستپێکردنەوەی کارو چالاکییەکان[vi]، لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥، جەلال تاڵەبانی پرۆژەیەکی ئامادەیکردبوو ناوی لێنابوو (الخطه رزكاري _ نەخشەی رزگاری[vii]) بەمەبەستی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری [viii]. ئەم پرۆژەیە، یەکەمین پرۆژەی نوسراوبوو، بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە ئامادەکرابوو، کرایە بناغەیەک بۆ چۆنێتی خەباتی چەکداری لەو کاتەدا، بەمەش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە یەکەمین پارت بە فەرمی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق ڕابگەیەنێت.

لە ناوخۆی وڵات لە دوای دروستکردنی(کۆمیتەی هەرێمەکان[ix])، کۆمەڵەی مارکسی لینینی_کوردستان بە سەرکردایەتی (شاسوار جەلال_ ئارام 1947_1978)، بڕیاری خەباتی چەکداری دەدات[x]، لەم پیناوەیشدا (پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان[xi]) ئامادە دەکرێت، وەک ڕیبەر و پەیڕەوێک بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، تێدا چەندین پرسی پەیوەندیدار بە شێوازی خەبات و چۆنێتی مامەڵەکردن و پەیوەندی نێوان پێشمەرگە و فەرماندەکانیان و پێشمەرگە و خەڵکدا روونکراوەتەوە.

دوای ئەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە دەرەوە و ناوخۆی وڵات بڕیاری خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق دا،دەستیکرد بە دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان و ئامادەکردنیان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە باشوری کوردستان، هەر بۆیە دوو جۆر لە مەفرەزە دروستکران، بەشێکیان لە دەرەوەی وڵات بوو لە وڵاتی (سوریا)، بە شێکی تریان لە ناوخۆی وڵات بوو، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:

## 1// مەفرەزەکانی دەرەوەی وڵات:

سوریا مەڵبەندی بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری و دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی (ی.ن.ک)بوو لە دژی حکومەتی عێراق[xii]،هەر بۆیە لە یەکەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی(ی.ن.ک)، سەرکردایەتی حزبەکە لە1ی حوزەیرانی 1976 یەکەمین مەفرەزەی پێشمەرگەی لە سوریاوە ڕەوانەی عێراق کرد[xiii]، ئەو مەفرەزە ژمارەیان (40) پێشمەرگە بوو، بەڵام (38) پێشمەرگە دەگەڕێنەوە باشووری کوردستان، لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی وتوویەتی:" لە کاتی ناردنەوەی مەفرەزەکان بۆ ناوەوەی وڵات، (مەفرەزەی یەکەم[xiv]) سەری نەگرت، جاری دوهەم (ئیبراهیم عەزۆ1949_1976 )و برادەران گەڕانەوە (40) کەسی لەگەڵ بو، دوو کەسیان نەخۆش کەوتن و خۆیان لادا، بەڵام (38) کەسیان گەڕایەوە کوردستانی عێراق، لە لایەن (برایم عەزۆ) سەرکردایەتی دەکران"[xv]،لە لایەکی ترەوە سەلام سندی سەبارەت بە پێکهێنانی یەکەمین مەفرەزەی(ی.ن.ک) نوسیوویەتی:" بە مەبەستی ئامادەکردنی پێداویستیەکان مەفرەزە سەرەتاییەکان (لێژنەی بادینان) لە قامیشلۆ تەشکیل کرا، لە لایەن ئەندامانی سەرکردایەتییەوە سەرپەرشتی دەکرا، لەوانەش (کاك عەبدولرەزاق فەیلی، عادل موراد، فەرهاد شاکەلی، برایم عەزۆ، د.کەمال خۆشناو)، بەپێی پێویست (کاك نەوشیروان مستەفا)ش، سەرپەرشتی دەکرد،لە سەردانێکی مام جەلال بۆ قامیشلۆ گوتی:"بڕیارمانداوە چەند مەفرەزەیەك بنێرین بۆ بادینان"، بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەك لەو هەڤاڵانە دەستنیشانکران بە ڕەزامەندی خۆیان، کە زیاتر خەڵکێکی ژیر لە ڕووی سیاسی و شارەزا لە بواری سەربازی و خاوەن ئەزموونێکی پێشمەرگایەتی بوون، سەرەتا(38-45)هەڤاڵ خۆیان بەرهەڤکرد"[xvi]. هەموو پێشمەرگەکان سەر بە ڕێکخراوی(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) بوون، لەم بارەیەوە سامان گەرمیانی دەڵێت:"لەکاتی دروستکردنی یەکەم مەفرەزە سەرەتایی ژمارەمان (43) پێشمەرگە بوو، مام جەلال ئێمەی لە مەفرەزەکە دەرکرد، کە ژمارەمان سێ پێشمەرگە بوو ئەوانیش (من، کاك عادل شکور، مامۆستا داود)، (40) پێشمەرگە مایەوە، پاشان هەر یەکە لە (ئەنوەر شاکەلی، ئیبراهیم عەبد علی) کشانەوە، (38) پێشمەرگە مانەوە، ئێمە لە (مام جەلال)مان پرسی، بۆ ئێمە لە مەفرەزەکە دورخراینەتەوە، ئەویش وتی ئێوە کۆمەڵە نین، وای دەزانی ئێمە سەر بە بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستانین"[xvii]، پێشمەرگەکان پێکهاتبوون لە:

| ژ | ناوی پێشمەرگەکان | ئەندامێتی ڕێکخراوەیی |
|---|---|---|
| 1 | ئیبراهیم عەزۆ محەمەد عەلی | کۆمەڵە |
| 2 | عیزەت ئیسماعیل هەبێ شەنگالی | کۆمەڵە |
| 3 | عەبدوالرەحمان حەسەن حوسێن شەنگالی | کۆمەڵە |
| 4 | عەبدولجەبار عەبدولغەنی ئیبراهیم سندی | کۆمەڵە |
| 5 | عومەر ئیبراهیم ڕەشید | کۆمەڵە |
| 6 | ئەحمەد محەمەد عومەر (ئەحمەد کەشخە) | کۆمەڵە |
| 7 | قاسم محەمەد عەلی تەلەعفەری | کۆمەڵە |
| 8 | جاسم محەمەد ئەحمەد | کۆمەڵە |
| 9 | عەلی ئەحمەد محەمەد ئەمین | کۆمەڵە |
| 10 | سولاقەی تۆما ئاشوری | کۆمەڵە |
| 11 | نوری موراد عەلی | کۆمەڵە |
| 12 | حوسێن ئەحمەد محەمەد | کۆمەڵە |
| 13 | یاسین حامد یوسف | کۆمەڵە |
| 14 | عەبدولحەمید تەعلو عومەر | کۆمەڵە |
| 15 | ئەحمەد عەرجەف خالید | کۆمەڵە |
| 16 | نوری محەمەد ئەمین حەداد | کۆمەڵە |

| | | |
|---|---|---|
| 17 | بەدەل سەیدۆ سینۆ عیسۆ شەنگالی | کۆمەڵە |
| 18 | یونس زەکەریا عەبدل شەنگالی | کۆمەڵە |
| 19 | ڕەمەزان ئەحمەد محەمەد عوسمان | کۆمەڵە |
| 20 | فەیسەڵ کاشان خدر | کۆمەڵە |
| 21 | ئەحمەد عەبۆ حاجی | کۆمەڵە |
| 22 | فوئاد موصلح سالح (فوئاد مەلا موسلیحی کۆیی) | کۆمەڵە |
| 23 | ڕەشید محەمەد عەبدولرەحمان (ڕەشۆ) | کۆمەڵە |
| 24 | صابر عەرەب عەبدی | کۆمەڵە |
| 25 | ئەحمەد عەتار جاف | کۆمەڵە |
| 26 | تەها عومەر سەعید عەبدوڵلا بەروشکی | کۆمەڵە |
| 27 | سعود عەلی خالد (سەعید) | کۆمەڵە |
| 28 | یاسین حامید یوسف | کۆمەڵە |
| 29 | عیزەت سدیق کەریم خۆرانی | کۆمەڵە |
| 30 | عادل میران (خەڵەف حامید) | کۆمەڵە |
| 31 | قادۆ (خەڵکی ڕۆژئاوا) بوو. | کۆمەڵە |
| 32 | عەڤدۆ عەلی زەرێ | کۆمەڵە |
| 33 | مستۆ موحسین عومەر | کۆمەڵە |
| 34 | ئیبراهیم ڕەشۆ | کۆمەڵە |
| 35 | جەلیل عەبدوڵا(شاباز) | کۆمەڵە |
| 36 | محەمەد حاجی محەمەد | کۆمەڵە |
| 37 | حوسێن تەمەر قاسم | کۆمەڵە |
| 38 | عەلی حوسێن خالید | کۆمەڵە[xviii] |

لە شەوی 1976/5/31 هەموو پێشمەرگەکان لە شاری قامیشلی لە ماڵی (خەلیل عەبدی)، کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوو کۆکرانەوە، جەلال تاڵەبانی هەندێك قسەی لە سەر شۆڕش وئەرکەکانیان بۆ کرد، لە 1ی حوزەیرانی هەمانساڵدا وەك یەکەمین مەفرەزە (ی.ن.ک) ڕەوانەی باشوری کوردستان کران[xix]، هێزەکەیش بۆ چوار مەفرەزە دابەشکران، هەر مەفرەزەیەك فەرماندەی بۆ دانرا، کە پێکهاتبوون لە :_

1// ئیبراهیم عەزۆ محەمەد عەلی.

2// عیزەت ئیسماعیل هەبێ شەنگالی.

3// عومەر ئیبراهیم ڕەشید.

4// عەبدولجەبار عەبدولغەنی ئیبراهیم سندی[xx].

مەفەرەزەکان هێزێکی مەشق پێکراو بوون هەر هەموویان جلوبەرگ و پێڵاوی سەربازییان لەبەر بوو، بە جۆرێك لە هێزێکی نیزامی دەچوون، هەروەها چەکی سووک لە جۆرەکانی (کلاشینکۆف، دەمانچە، نارنجۆك و ئاربیچی) یان پێبوو[xxi]، پاش ڕێکخستنی مەفرەزەکان لە شاری قامیشلۆوە، بە ئۆتۆمبێلی سەربازی سوریا گواسترانەوە شاری (دێرۆك)، پاشان بۆ سنوری سوریا[xxii]، ئەمە لە کاتێکدا بوو سەرکردایەتی(ی.ن.ک) مەفەرەزەیەکی سێ کەسی، کە پێکهاتبوون لە (سدیق مستەفا ئیبراهیم (مەلا سدیق)، مەلا حاجی، حاجی موراد) پێکهێنا بوو بۆ چاودێری و پارێزگاریکردنی لە مەفرەزەکانی (ی.ن.ک) [xxiii]، تەواوی مەفرەزەکان لە ڕێگای هاوکاریکردنی (نەجۆ[xxiv]) لە باکووری کوردستانەوە گەیشتنە باشوری کوردستان[xxv]. بۆ سێ ناوچە دابەشکران، ئەوانیش بریتیبوون لە(دهۆك ، زاخۆ و ئامێدی) "[xxvi]، پاش گەیشتنیان بە باشووری کوردستان، لە لایەن دانیشتوانی ناوچەکانەوە بە هەمووو شێوەیەك پێشوازییان لێکرا، یارمەتی زۆریان پێشکەشکرا[xxvii]، **هەر بۆیە دەستیان کرد بە ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، لە گرنگترینیان بریتیبوون لە:**

1_ ناساندنی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک)، گەیاندنی پەیامی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول[xxviii].

2_ بڵاوکردنەوەی هەندێك نامیلکەی (ی.ن.ک)، لە ناو خەڵکیدا، بەتایبەتی بڵاوکراوەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بۆچی؟)، ئەمەش بۆ زیاتر ناساندنی (ی.ن.ک) بوو[xxix].

3_ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتی لە گوند و ناوچەکان، بە مەبەستی بە دەستهێنانی پشتگیری زیاتر (ی.ن.ک)[xxx].

4_ یەکێکی تر لە چالاکییەکانی ئەم مەفرەزەیە دروستکردنی پەیوەندی بوو لە گەڵ ئەندامانی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) لە شاری سلێمانی، لەم بارەیەوە نەشیروان مستەفا وتوویەتی:"پاش دابەشکردنی مەفرەزەکان بۆ ناوچەکانی (زاخۆ، ئامێدی ودهۆك)، کەوتنە چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی، یەکێك لە چالاکییەکانیان ئەوە بوو هەندێ ناونیشانیان درا، هەربۆیە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی"[xxxi]، هەربۆیە برایم عەزۆ لە ڕێگای یەکێك لە پێشمەرگەکانی بە ناوی(جەلیل عەبدوڵا ناسراو بە (شاباز) )، ڕاسپارەکانی (جەلال تاڵەبانی) دەنێرێت بۆ (شازاد صائیب) بۆ گەیاندنی بە سەرکردایەتی کۆمەڵە[xxxii]. لەم بارەیەوە شازاد صائیب وتوویەتی:" لە مانگی 6ی 1976 لەبەر خزمێکم کە (ئەمن )بە دوايد دەگەڕا، من کەوتوومە بەر نیشانەی (مدیر أمن) و هەڕەشەی لێ کردم، لەو کاتانەدا کوڕێکی گەنج بە ناوی (جەلیل عەبدوڵا)، کە نەم دەناسی لە دهۆکەوە هاتبوو بۆ لام، ناونیشانێکی زۆر خەتەری پێ وتم کە ئیبراهیم عەزۆ ئەوی ناردووە، کاغەزێکی گرنگی پێبوو، هەر چەند تکام لێکرد هەفتەیەك بمێنێتەوە بۆ وەڵامەکەی، پێم وت ئەم کاغەزە بۆ من نییە، نە کۆمەڵەم و نە پەیوەندیم بە هیچەوە هەیە، بەڵام چاوەڕێی نەکرد و گەڕایەوە بۆ لای ئیبرایم عەزۆ، دوای چوار پێنج ڕۆژ (شاسوار جەلال _ ئارام)، کە مختەفی بوو، دۆزیمەوە و کاغەزەکەم پێدا، وتی دەبێ نەهێڵن ئەو کوڕە

بڕوات، هەر چەندە ناونیشانی ماڵی برایەکەمان لێ وەرگرتبوو لە دهۆك، (مەلا بەختیار) سەردانی ماڵیانی کردبوو، براکەی لە ترسا(مەلا بەختیار) لەماڵ دەرکردبوو، بەڵام بەهۆی گرتنی (جەلیل عەبدوڵا)، لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، نەتوانرا هیچ پەیوەندییەك لە گەڵ مەفرەزەکەی (ئیبراهیم عەزۆ) دروست بکرێت"[xxxiii].

دوای ئەنجامدانی چەندین چالاکی لەلایەن یەکەمین مەفرەزەی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی بادینان، (قیادە موەقەتە) کەوتە دژایەتیکردنیان، بەتایبەتی لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە، ڕێگریکردن لە چالاکیەکانیان و هاندانی خێڵ و هۆزەکانی ناوچەی بادینان و سنوورەکان لە دژیان، ئەمەش هۆکار بوو بۆ پەرتەوازەبوونی مەفرەزەکان و لێك دابرانیان[xxxiv]، هەرچەندە لە هەندێك لە سەرچاوەکاندا هاتووە پێش گەڕانەوەی یەکەمین مەفرەزەی(ی.ن.ک)، پێشمەرگەی (قیادە موەقەتە) لە ناوچەکانی (بادینان) چالاکییان هەبووە[xxxv]، بەڵام عادل شکور ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:"دوای چەند مانگێك لە گەڕانەوەی هێزەکەی برایم عەزۆ بۆ ناوچەکانی بادینان، (قیادە موەقەتە) زانییان، چونکە هەر دوولامان لە قامیشلۆ بارەگامان هەبوو، هەربۆیە کەوتنە خۆیان بۆ ناردنی هێز بۆ ئەو ناوچەیە و دژایەتیکردنی (ی.ن.ک)"[xxxvi].

بەهۆی دژایەتیکردنی قیادە موەقەتە و هاوکاریکردنی خەڵکی گوندەکانی ناوچەی بادینان، بە بەرنامە و پلان، دەتوانن تەواوی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک)، لە کات و ڕێککەوتی جیاواز دەستبەسەربکرێن و ڕادەستی سەرکردایەتی (قیادە موەقەتە) بکرێن، پاش دەستگیرکردنیان (34) پێشمەرگەیان دەکوژن[xxxvii]، چوار پێشمەرگەیان ڕزگاریان دەبێت، پاشان لە لایەن حکومەتی عێراق دەستگیردەکرێن، لە13ی ئایاری1977 لە بەندینخانەی موسڵ لە سێدارە دەدرێن[xxxviii]. بەم شێوەیە یەکەمین مەفرەزەی (ی.ن.ک)، لە لایەن (قیادە موەقەتە)وە لە ناو دەبرێن، نەك حکومەتی عێراق، بەمەش بوونە قوربانی شەڕ و ململانێی نێوخۆی[xxxix]. هەر بۆیە دەتوانی بڵێن یەکەمین مەفرەزەی لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، لە لایەن (ی.ن.ک)، دروستکرا، لە 1ی حوزەیرانی 1976 ڕەوانەی باشوری کوردستان کرانەوە، بە مەبەستی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق، بەڵام بە هۆی ململانێی نێو خۆی (ی.ن.ک) و (قیادە موەقەتە)، مەفرەزەکانی (ی.ن.ک) لە نێوبران.

لە درێژەی هەوڵەکانی سەرکردایەتی لە دەرەوەی وڵات، بۆ پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکان و ناردنەوەیان بۆ ناوخۆی وڵات بەتایبەتی بۆ ناوچەکانی بادینان، چونکە ناوچەکە گرنگی جیپۆلتیکی تایبەتی هەبووە بۆ (ی.ن.ک). لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا وتوویەتی:" بادینان گرنگی جیپۆلیتیکی هەبوو. سنوری بە تورکیا و سوریاوە بوو، ڕێگای گوێزانەوەی چەك بوو، نەمان ئەتوانی وازی لێبهێنین. لە ناو تورکیا خەڵکێکی زۆرمان ڕێکخست بوو، زۆریان لەوانە بون پێش ئاشبەتاڵ پێشمەرگە بوون و جێگەی خۆیان لە تورکیا کردبووەوە. لە جەزیرە، سلوپی، شەرناخ، ئولودەرە، شەمزینان بنکەی سیاسیمان دامەزراندبو. لە زۆر جێگاش چەکمان حەشاردابوو"[xl]، بۆ ئەم مەبەستە لە کۆتایی تشرینی دووەمی1976، چەند مەفرەزەیەك لە لایەن سەرکردایەتی (ی.ن.ک)، لە وڵاتی سوریا دروستکران بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی بادینان[xli]، ژمارەی پێشمەرگەکانی مەفرەزەکان (127) پێشمەرگە بوون زۆربەیان خەڵکی ناوچەکانی بادینان بوون، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن بگەنەوە بە ناوچەکانی بادینان، بۆ سێ بەشی جیاواز لە یەك دابەشکران، تەواوی مەفرەزەکان لە لایەن (نەوشیروان مستەفا) سەرکردایەتی دەکرا[xlii]، هەر یەکە لەو بەشانە بە پێی بەرنامە و پلانی تایبەت بۆ دانرا بۆ گەڕانەوەیان، کە بەم جۆرە بوو:

بەشی یەکەم: بە سەرکردایەتیی(حەسەن خۆشناو)، لە ڕێگای پەڕینەوەی لە ڕووباری دیجلە، گەیشتونە بە ناوچەی گوێی، بۆ کۆکردنەوە و ئامادەکردنی پێشمەرگەکانی ناوچەکە.

بەشی دووەم: بە سەرکردایەتی (فوئاد عومەر)،لە ڕێگای پەڕینەوەی لە ڕووباری دیجلە، بچێتە ناوچەی سلوپی، بۆ کۆکردنەوە و ئامادەکردنی پێشمەرگەکانی ناوچەکە.

بەشی سێیەم: هەریەکە لە (نەوشیروان مستەفا، عادل موراد، سەید کەریم، سەردار دەلۆیی و فەرهاد شاکەلی)، لە 25ی تشرینی دووەمی 1976 لە ڕێگای چیای جودی گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی بادینان[xliii].

پلانی هێزەکان بە جۆرێك دانرابوو، کە بگەنە لای(عیصمەت دینو[xliv])، پاش گەیشتنیان بە سەر ناوچەکانی بادینان دابەشبین و دەستبکەن بە ئەنجامدانی چالاکی[xlv]، پێش گەیشتنی هێزەکانی (ی.ن.ک)، بۆ لای (عیصمەت دینو)، بە ڕۆژێك خۆی ڕادەستی حکومەتی عێراق کردبوو[xlvi]، ئەمە جگە لەوەی پاش گەیشتنی مەفرەزەکانی (ی.ن.ک)، بە ناوچەکانی بادینان ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) پەیوەندی بە ڕیزەکانی (قیادە موەقەتە) دەکەن[xlvii]، لەم بارەیەوە سامان گەرمیانی دەڵێت:"دوای گەڕانەوەمان بۆ ناوچەکانی بادینان، ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکان پەیوەندییان کرد بە (قیادە موەقەتە)، کە هەموویان خەڵکی بادینان بوون، بە جۆرێك هێزەکە (13-15 پێشمەرگە[xlviii] )مایەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو پروپاگەندانە بوو، کە (قیادە موەقەتە) لە دژی ئێمە بڵاویان کردبووەوە"[xlix]، لە لایەکی ترەوە نەوشیروان مستەفا ئاماژەی بەوە کردووە وتوویەتی:" چەند کەس و مەفرەزەی ئێمە لە بادینییەکان شەو هەڵاتن بۆ ناو (ق.م)، تومەز پێشتر

پەیوەندییان لەگەڵ (ق.م) هەبووەوە، تەگبیریان بۆ کردبوون"[l]،هەر بۆیە ئەم مەفرەزانەیش بەهۆی دژایەتیکردنی (قیادە موەقەتە)، ئامادە نەبوونی خەڵکی ناوچەکە بۆ یارمەتیدانیان و دژایەتیکردنیان لە لایەن وڵاتانی هەرێمییەوە سەرکەوتوو نەبون، گەڕانەوە بۆ وڵاتی سوریا[li]. دەتوانین بڵێین تەواوی مەفرەزەکانی دەرەوەی وڵات نەیانتوانی هیچ جۆرە چالاکییەك لە دژی حکومەتی عێراق لە شێوەی چالاکی چەکداری ئەنجام بدەن، ئەمەش لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان (ی.ن.ک) و (قیادە موقەتە) بووە.

## 2// مەفرەزەکانی ناوەوەی وڵات:

بەو پێیەی (ی.ن.ک)وەك ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی لە سێ باڵی جیاواز پێکهاتبوون، ئەو مەفرەزانەی لە ناوخۆی وڵات دروستکران، لە لایەن (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) و (بزوتنەوەی سۆسیالستی) کوردستان سەرکردایەتی دەکران، لە کات و شوێنی جیاواز دروستکران.

دوای ئەوەی سەرکردایەتی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) لە ناوخۆی وڵات، ئاگاداری گەیشتنی مەفرەزەکانی دەرەوەی وڵات بوون بە سەرکردایەتی (ئیبراهیم عەزۆ)، بڕیاری دروستکردنی مەفرەزەکان و ناردنە دەرەوەیان ئەدەن بۆ شاخەکان[lii]، ئەمە لەکاتێکدا بوو سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ناوەوەی وڵات و سەرکردایەتی دەرەوەی (ی.ن.ک)، ڕێککەوتبون لە لە 1ی حوزەیرانی 1976 هێزە چەکدارەکان ڕەوانە بکات، بەڵام بەهۆی خراپیی بارودۆخ لەو کاتەدا سەرکردایەتی کۆمەڵە ناتوانێت هیچ هێزێکی چەکدار ڕەوانەی دەرەوە بکات[liii]، هەربۆیە سەرکردایەتی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان پاش چەند مانگێك، بە تایبەتی لە نێوان مانگەکانی تەمووز بۆ ئەیلوولی 1976، چەندین مەفرەز دروستکران لە ناوچەکانی شارەزوور و شارباژێڕ، دۆڵی جافایەتی، چەمی ڕێزان، عەسکەر، دەشتی هەولێر، قەندیل، پشدەر، قەرەداغ، بازیان، گەرمیان، باڵەکایەتی، دەشتی کۆیە، بەرکێو، پێنجوێن و بەمۆ... تاد[liv].

یەکەمین مەفرەزە، لە ناوەوەی وڵات لە ناوچەی شارەزوو دروستکرا، کە ژمارەیان (7) پێشمەرگە دەبێت لە شەوی 27/26 ی تەموز 1976 ڕوودەکەنە شاخی سورێن[lv]، کە پێکهاتبوون لە(شەوکەتی حاجی مشیر، حامیدی حاجی غالی، محمود عبدالرحمان عبدالقادر، حمە سعید محمد امین، توفیق رحیم عبداللە، محمد حاجی محمود، علی ئەحمەد محمود)[lvi].

سەبارەت بە پێکهێنانی یەکەمین مەفرەزە لە ناوخۆی وڵات سالار عەزیز دەڵێت:"دوای دروستکردنی کۆمیتەی هەرێمەکان من ئەرکی خۆئامادەکردنی ڕێکخستنەکانم بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش کەوتە ئەستۆ، هەربۆیە یەکەمین مەفرەزەمان لە ناوچەی هەورامان بە سەرپەرشتی (خولە کەشکۆڵ) دروستکرد، بە مەبەستی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، دروستکردنی ئەم مەفرەزەیە بە بێ ئاگاداری و مام جەلال و سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بوو لە دەرەوەی وڵات"[lvii]، لە لایەکی ترەوە محمدی حاجی محمود دەڵێت:" لە کاتی دروستکردنی مەفەرەزەکەمان، کاك سالار عەزیز نامەیەکی مام جەلالی بۆ هێنابووین بە ناوی (جوتیار)، کە داوای چوونەدەرەوەی کردبوو"[lviii]، هەروەها ئاوات قارەمانی و حامیدی حاجی غالی سەبارەت بە پێکهێنانی یەکەمین مەفرەزەی سەرەتای لە ناوەوەی وڵات دەڵێن:"یەکەمین مەفرەزەی سەرەتای دروستکرا مەفرەزەکەی شارەزوور بوو، لە لایەن کۆمیتەی هەرێمەکان پێکهێنرا، بە بێ ئاگاداری مام جەلال".[lix]

هەرچەندە پێش لە پێکهێنانی مەفرەزەکەی شارەزوور، لە14ی نیسانی1976 مەفرەزەیەکی پێشمەرگە دەڕۆنە شاخی قەندیل[lx]، گوایە لە سەرداوای سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو، سەبارەت بەم مەفرەزەیە قادر خەبات وتوویەتی:" پاش شکستی شۆڕشی ئەیلول، ئەرکی دروستکردنی مەفرەزەی چەکدارم پێسپێردرابوو لە لایەن کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیمان بە هەندێ کەسەوە کرد وەك (محمود سەیدە، حاجی شێخە، عەوڵای حاجی شەفیق، أسماعیل ئاغا، حەسەن بۆلی، شیخ عومەر و عەزیز داود)، هەروەها لەگەڵ برادەران خەتێکمان دانابوو بۆ ئەو کەسانەی پەیوەندی بە شۆڕشی نوێوە بکەن، خەتەکە لە هیرانەوە دەستی پێکرد بۆ مەلەکان و لەوێوەش بۆ وەرتێ ئینجا بۆ ئێندزێ "[lxi]. لە ڕاستیدا ڕۆیشتنە دەرەوەی ئەم مەفرەزەیە لە ئەنجامی سیاسەتی حکومەتی عیراق بوو بەرانبەر بە خەڵك و ناوچەکانی حاجی ئۆمەران و باڵەکایەتی[lxii]، هەربۆیە کۆمیتەی هەرێمەکان لە ڕێگای ( عەبدولڕەزاق فەیلی)، ئاگاداریان دەکەنەوە، خۆیان حەشار بدەن بەرنامە و پلانی سەرکردایەتی (کۆمەڵە) بۆ خەباتی چەکداری تێکنەدەن و چاوەڕێی ناردنە دەرەوەی مەفرەزەکانی تر بکەن[lxiii]، هەربۆیە دەتوانین بڵێین یەکەمین مەفرەزە لە ناوەی وڵات لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول دروست دەبێت، بە ڕاسپاردەی کۆمیتەی هەرێمەکان و سەرکردایەتی کۆمەڵە مەفرەزەکەی ناوچەی شارەزور بوو، کە لە 26ی تەموزی 1976 ڕوو دەکەن شاخی سورێن.

لە درێژەی ئامادەکارییەکانی بۆ دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان و ناردنە دەروەیان بۆ شاخەکانی کوردستان، لە 19ی تەموزی1976 هەریەکە لە (سالار عەزیز، جەمال عەلی باپیر، تاهیر شێخ سدیق، ئازادی سەگرمە)، ڕو دەکەن ناوچەی(شارباژێڕ)، بە فەرماندەیی(سالار عزیز)[lxiv]، هەروەها لە سەرەتای حوزەیرانی 1976 مەفرەزەکەیەك، کە پێکهاتبوو لە(سیروان تاڵەبانی، فەیسەڵ ڕەشید، شەماڵ شێخ محەمەدی باخی، ملازم ئەنوەر مەجید سوڵتان، حمە سەعید (حوسێن

کەریم)، دەڕۆنە دەرەوە بۆ ناوچەکانی گوندی (خەمزە)ی ناوچەی شارباژێڕ.[lxv] لە بارەیەی پێکهێنانی ئەم مەفرەزەیەوە (حوسێن کەریم) دەڵێت:" کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان لەتەك خەباتی سیاسی بڕوای بە خەباتی چەکداری هەبوو، بڕوای بەوە هەبوو دەبێ خەباتی چەکداری بکرێ و خۆی بۆ ئەو خەباتە ئامادە بکات. من ئەو کاتە لە کارگەی شەکری سلێمانی فەرمانبەربووم، لە لایەن دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمەوە بڕیاری گرتنم دەرچوو، بۆیە وازم لە کارەکەم هێنا خۆم نەدا بەدەستەوە، بڕیارمدا خۆم بشارمەوە، ئەو کاتە هاوڕێ ئارام سەرپەرشتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی دەکرد، پاش ماوەیەك توانیم هاوڕێ ئارام ببینمەوە، باسی لەوە دەکرد لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ مام جەلال قسەکراوە، کە کۆمەڵە خەباتی چەکداری دەستپێدەکاتەوە، منیش ئامادەی خۆمم دەربڕی، دوای ئەوە کاك ئارام و برادەرن بڕیارياندا مەفرەزەکەی ئێمە بچێتە دەرەوە کە پێکهاتبوو لە (حەمە سعید( حوسێن کەریم)، فیصل ڕەشید(سیروان تاڵەبانی)، شێخ محەمەدی باخ ( شێخ شەماڵی باخ)، مولازم ئەوەر مجید سوڵتان)، لە ئێوارەیەکی درەنگی سەرەتای تەمووزی 1976 لە سلێمانییەوە لە گەڕەکی تووی مەلیك و لە جادەی ئەزمەڕ پەڕینەوە بە پشتی سەربازگەی سارداو بە ڕەوەگوندی خەمزە ڕویشتین"[lxvi].

لە 21ی تەمووزی 1976 مەفرەزەیەك،کە لە (10) پێشمەرگە پێکهاتبوون، بە فەرماندەی (جەمالی عەلی باپیر) بۆ ناوچەکانی (دۆڵی جافایەتی) بە تایبەتی بۆ ( هەڵەدەن و یاخسەمەر) پێکهێنرا[lxvii]. لە 29 تموزی هەمان ساڵدا بە فەرماندەی ( مولازم جوامێر سیامیر)، مەفرەزەیەك بۆ ناوچەی شارباژێڕ پێکهێنرا[lxviii].

لە تەمووزی 1976 سەرکردایەتی کۆمەڵە هەر یەکە لە ( زێرۆ، سەڵاح چاوشین، مامۆستا حمە ئەمین ناسراو بە (شەماڵ)، حۆسێن (شێرکۆ)، مولازم عومەر)، دەنێرێتە دەرەوە بۆ پەیوەندی کردن بە مەفرەزەکانەوە [lxix]، پاشان لە 11ی تشرینی یەکەمی 1976(شاسوار جەلال_ ئارام) دەڕواتە دەرەوە پەیوەندی بە مەفرەزەکانی شاخەوە دەکات، دەبێتە سەرپەرشتی تەواوی مەفرەزەکان لەو کاتەدا[lxx].پاش گەیشتنی مەفرەزەکان بە ناوچەکان، سەرکردایەتی کومەڵە (سێ) مەفرەزەی سەرەتاییان پێکهێنا بۆ چەند ناوچەیەك، کە ئەوانیش بریتیبوون لە:

یەکەم: لە سنووری ناوچەی سەگرمە، بە فەرماندەیی (ئازادی سەگرمە).

دووەم: لە سنووری ناوچەی قەرەداغ بە فەرماندەیی (حوسێنی تەلی زەیتی) ناسراو بە (گۆران).

سێیەم: لە سنوری ناوچەی گەرمیان بە فەرماندەیی(سیروان تاڵەبانی)[lxxi].

لە لایەکی ترەوە دوای گەڕانەوەی بەشێك لە سەرکردایەتی (بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان) بۆ کوردستان و جێهێشتنی شوێنەکانیان لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق، بە تایبەتی هەریەکە لە (د. خالید و سەعدی گچکە)  لە شاری بەغداد، عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) و سەید کاکە لە شاری (رمادی) و عەلی عسکەری لە(رفاعی)، تایەری عەلی والی لە شاری(عەمارە)، بڕیاری چوونە شاخیاندا، بە مەبەستی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری[lxxii]، ئەمەش دوای چەندین کۆبوونەوە بووە لە مانگەکانی حوزەیران و تەموزی 1976 ، تا لە 8ی ئابی 1976 بڕیار دەدەن ڕوو بکەنە شاخی قەندیل[lxxiii].لە سێ قۆڵەوە مەفرەزەکانیان دەنێرنە دەرەوە، ئەوانیش:

قۆڵی یەکەم: پێکهاتبوون لە (دکتۆر خالید، جەوهەر سەعید، دلێر تاهیر، لاوکۆ سادق) بە سەرۆکایەتی عومەر دەبابە لە شاخی باواجی بە رەوە قەندیل بەڕێکەوتن.

قۆڵی دووەم:  پێکهاتبوون لە (سەعدی گچکە، یاسین قادر و قادر عەزیز) بەسەرۆکایەتی سەید کاکە، لە هەولێرەوە بەرێکەوتن بۆ شاخی (ئاوەگرد).

قۆڵی سێیەم: بە سەرپەرشتی عەلی عەسکەری لە سلێمانییەوە بەرەوە شاخەکانی شارباژێر و ماوەت دەربچێ، پاشان هەرسێ قۆڵەکان لە قەندیل یەك بگرنەوە[lxxiv] .

پاش بە رێککەوتنی هێزەکانی بزوتنەوە بۆ شاخی قەندیل، سەرئەنجام لە 14ی ئابی 1976 تەواوی هێزەکان دەگەنە شاخی قەندیل و دەست دەکەن بە رێکخستن و ئامادەکردنی دەستەی چەکدار[lxxv]، چەند هەفتەیەك دوای گەیشتنی ئەم مەفرەزانە، چەندین پێشمەرگە لە ناوچەکانی خوشناوەتی و شارەکانی هەولێر و سلێمانی پەیوەندی بە مەفرەزەکانی بزوتنەوە دەکەن لە گرنگترینیان بریتیبوون لە (قادر مستەفا، بەکر حەمە، عەوڵا سور، سەلیم کێشکەیی، مەلا حاجی رەسول)[lxxvi]، لە30ی ئەیلوولی 1976 هە ریەکە لە(محەمودە سەیدە، علی ئاغا بوران، علی سمایل ئاغا و عەزیز داود)مەفرەزەیەك پێکدەهێنن و ڕودەکەنە شاخی قەندیل[lxxvii].

بەشێوەیەکی گشتی مەفرەزە سەرەتاییەکانی(ی.ن.ک)، کە ئەرکی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بوو لە ناوچە لادێ نیشنەکان، سێ سەرچاوەیان هەبوو ئەوانیش بریتی بوون لە:

**یەکەم:** کوانووی سوریا، دەستەی دامەزرێنەر بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی سەرپەرشتی دەکرد، ئەو دەستە چەکدارە بوو، کە لە 1ی حوزەیرانی 1976 بە فەرماندەی (ئیبراهیم عەزۆ) بە ناو خاکی تورکیادا بۆ دەڤەری بادینان نێردران.

**دووەم:** کوانووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بە سەرکردایەتی کۆمیتەی هەرێمەکان، کە لە مانگی حوزەیرانی 1976 بەدواوە دەستەی چەکداری لە ناوچەکانی شارباژێڕ و

دۆڵی جافایەتی و قەرەداغ و هەڵەبجە و شارەزوور و کۆیە و خۆشناوەتی و ئاکۆیان پێکهێنا.

**سێیەم:** کوانووی بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان، کە لەمانگی تەموز بە دواوە دەستەی چەکداری لە باڵەکایەتی و قەندیل و پشدەر و سەنگەسەر و دۆڵی جافایەتی پێکهینا[lxxviii].

## باسی دووەم: ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و هێزەکانی حکومەتی عێراق 1976.

دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان، بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق، ئەمەش بە پشت بەستن بوو بە خۆ و خەڵکی ناوچەکانی کوردستان، لە پێناو دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکانی شۆڕشی ئەیلول بوو، بە تایبەتی لە پشت بەستن بەهێزی دەرەکی[lxxix]، چونکە حکومەتی عێراق لەو کاتەدا خاوەن توانایەکی زۆری هێزی سەربازی و چەکی پێشکەوتوو و ئابوریەکی پتەو بوو، جگە لەوەی پشتگیری دەوڵەتانی هەرێمی جگە لە سوریا و هەموو بلۆکی ڕۆژهەڵات و زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای بە دەستهێنابوو[lxxx]، ژمارەی هێزە چەکدارەکانی گەیشتبووە (190،0000) بە سەر (12) تیپدا دابەشکرا بوو، وێڕای ئەوەی بوو بوو بە خاوەنی چەندەها کەرەسەتە و پێداویستی سەرباز و چەکی پێشکەوت، کە لە ساڵی 1976بەم شێوەیە بوو:

| ژ | جۆری چەك | ژمارەی چەك |
|---|---|---|
| 1 | فرۆکە | 450 |
| 2 | هەلیکۆپتەر | 250 |
| 3 | تانك | 2800 |
| 4 | نەفەربار | 3000 |
| 5 | تۆپی جۆرەها عەیار | 1800[lxxxi] |

ئەمەش وایکرد لە سەرەتادا مەفرەزەکانی (ی.ن.ک) لەشێوەی (فرقة الدعة المسلحة/دەستەی پروپاگەندەی چەکداری) دەرکەون، ئەرکەکانیان بریتیبوو لە:-

1// دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکان.

2//بەرزکردنەوەی ورەی خەڵك ودروستکردنی ڕێکخستن لەناو دانیشتوانی گوندەکان و دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ کەسایەتییەکانی ناوچەکان.

3// پەیداکردنی چەك و شوێنی خۆشاردنەوە و حەشاردان.

4// ڕێکخستنی خەڵك و دروستکردنی مەفرەزەی پێشمەرگە[lxxxii].

سەرەتا دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانی پێشمەرگە (ی.ن.ک) لە دژی حکومەتی عێراق بەشێوەی چالاکی(پارتیزان)ی بوو، لەم بارەیەوە ئازادی سەگرمە دەڵێت:" لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بە شێوەی پارتیزانی دەستمان پێکرد، چونکە ژمارەمان کەم بوو، هەروەها ئامانجمان لە سەرەتادا تەنها خۆ ناساندن بوو بە خەڵك و مژدەی دووبارە دەستپێکردنەوەی خەباتمان بە خەڵك بدەین"[lxxxiii]، خەباتی پارتیزان خاوەن چەندین تایبەت مەندێتی و خسڵەت بووە، لە گرنگترینیان بریتی بوو لە:

یەکەم: دەستوەشاندن لە دوژمن و خۆدەربازکردنی بەپەلە.

دووەم: بە هیچ جۆرێك بەرگری لە هێرشی دوژمن ناکا و خۆی کەم نیشان دەدات.

سێیەم: دۆزینەوەی جێگای خۆشاردنەوە و نهێنیی پێویست.

چوارەم: لەناوبردن و پاکردنەوەی پیاوەکانی ڕژێم لە لادێ و شارەکان، بێ سڵکردنەوە لە تایبەتمەندییەکانی عەشاریەگەری و پەیوەندییە تایبەتییەکانی کۆمەڵگا.

پێنجەم: بە پێی توانا و کاریگەرو لەناکاو لە دامەزراوە و بەرژەوەندییەکانی ڕژێم دەدات[lxxxiv].

لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانیان، مەفرەزە سەرەتاییەکان لەناوچەکان لەڕێگای کۆکردنەوەی خەڵك دەستیانکرد بە پروپاگەندەی چەکداری و مژدەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، لەم بارەیەوە شێخ عەلی وتویەتی:" یەکەم کاری پێشمەرگەکان پروپاگەندەی ڕاگەیاندن بوو. مژدەی سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ و پێشمەرگە بوو، هانی خەڵکیمان ئەدا خۆیان بە حکومەتی بەعس نەفرۆشن، لەگەڵ دام و دەزگاکانی ڕژێم کارنەکەن، داوای یارمەتی و چەك و تەقەمەنیان لێ ئەکرد، بەو پێودانگەی کە ئێمە هەر پشتمان بە میللەتەکەی خۆمان بەستووە و لە ناو ئەوانیشەوە هەڵقوڵاوین، پارتیزانەکان بە ڕۆژ خۆمان ئەشاردەوە لە مەکۆی تایبەتیدا، بە شەویش جموجۆڵی خۆمان دەکرد و کۆبوونەوەمان بە خەڵکی گوندەکان دەکرد، بۆ ئەوەی نەزانن ژمارەمان کەمە، هەندێ جار تاکتیکی پێشمەرگانەمان بەکار دەهێنا، چەند جارێك و بە چەند شێوەیەك لە کۆڵانەکان هاتوو چۆمان دەکرد یان خواردنی زۆرمان کۆ دەکردەوە بۆ پارتیزانەکانی دەرەوەی گوند"[lxxxv]، چونکە حکومەتی عێراق پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول توانیبوی زۆربەی ناوچە گرنگەکانی کوردستان داگیربکات، تەواو ناوچەکانی حەوانەوەی پێشمەرگە بپشکێنێت و بە دەیان هەزار کورد لە ناوچەکانی ڕابگوێزێت[lxxxvi]، ئەمەش دوای ئەوەی حکومەتی عێراق پلانی سەربازی و ئەمنی و سیاسی دانا بوو، بۆ دەست بە سەرگرتنی کوردستان، بە جۆرێك لە ماوەیەکی کەمدا توانی دەسەڵاتی بە سەر هەموو ناوچەکاندا بسەپێنێت، تۆڕێکی جاسوسی بەهێزی لە هەموو گوندەکان دامەزراندبوو، لە زۆربەی ناوچەکانی دوور و جێگا چەپەکان و شاخاوییەکان و سەرسنور بارەگای دانابوو[lxxxvii].

حکومەتی عێراق لە شارەکانی (کەرکوك، هەولێر و سلێمانی و زاخۆ) هێزی چەکداری بڵاوکردەوە و بۆ لە ناوبردنی هەر

جووڵانەوەیەك لە شارەكاندا ڕوودات لە دژی حكومەتی عێراق، لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا وتویەتی:" عێراق لە ژمارەی چەكدار و، چەك و، تفاقی جەنگ و، توانای مادیی دا.. بە سەر كورددا هەمیشە باڵا دەست بوە. سەركردایەتی جەیش، كە بە گوێرەی ئەم باڵادەستیە ڕێو شوێنی كوژاندنەوەی جوڵانەوەكەیان دائەنا و، دوای بەكارهێنانی هەموو ڕێگایەكی عەسكەری بۆیان دەرئەكەوت جوڵانەوەكەیان پێ ناشكێ ئینجا، تاوانی ژێركەوتنی خۆیان ئەخستە پاڵ بێگانە. بیریان لەوە نەئەكردەوە كە هۆی هەڵگیرسانی جوڵانەوەكە و درێژەی كێشانی و، سەرنەكەوتنی سەركوتكردنی عەسكەری، ئەگەڕێتەوە بۆ ستراتیجی جەنگیی و تاكتیكەكانی ئەوان و، دەستی بێگانە. كاتی ئیسماعیل ئەلنعیمی گەیشتە كەركووك بۆ سەركردایەتی فەیلەقی یەك، نزیكەی 10فیرقەی سەربازی جەیشی عێراق لە كوردستان مۆڵ درابوو. لە كەركووك فیرقەی 3 بە سەركردایەتی لیوا ڕوكن سعدالدین عزیز، لە هەولێر فیرقەی یەك بە سەركردایەتی عمید ڕوكن عبدالجواد زنون، لە سلێمانی فیرقەیەك و لە موسڵ فیرقەیەك بە سەركردایەتی عمید ڕوكن حازم برهاوی، لە سەرسەنگ ((قواتی نەهاوەند)) بە سەركردایەتی عمید ڕوكن عبدالبر النعمە، لە زاخۆ (( قواتی زیقار)) بە سەركردایەتی عمید ڕوكن محمود گرجیە"[lxxxviii]، هەروەها لە ڕێگەی كۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاری (جمعیات الفلاحیە)، كە لە زۆربەی دیهاتەكان دروستیكردبوو ، بە بیانووی ئەوەی یارمەتی جوتیاران دەدات و دەغڵ و دان و سەمادی كیمیاوی و تراكتۆریان دەداتێ، لە هەمان كاتدا چەندین ڕیكخراوی (منضمة)ی بۆ سیخوڕی كردن دروستكردبوو، بۆ ئەم مەبەستەش پارەیەكی زۆری بۆ تەرخانكردبوو[lxxxix] ، ئەمەو جگە لەوەی حكومەتی ئێران لە ڕێگای چاودێریكردن و ڕێگریكردن و دژایەتیكردنی هەموو جموجۆڵێكی سیاسیی، پاڵپشتی خۆی بۆ عێراق دەربڕی بوو.[xc]

یەكەم چالاكی چەكداری پێشمەرگەكانی (ی.ن.ك) لە دژی سوپای عێراق لە شەوی 28/27ی تەموزی 1976دا بوو لە ناوچەی شارەزور لە دێی ( تەپەزێڕینە)، ئەمەش دوای ئەوەی پێشمەرگەكانی مەفرەزەی شارەزوور بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاكی و كڕین پێداویستیەكانیان لە ناوچەكەدا بوو[xci]، ئۆتمبیلێكی سەربازی نزیك پێشمەرگەكان دەبێتەوە، بەهۆی ئاشكرابونیان دەسترێژی گولەی لێدەكەن و ، پاشان ڕوو دەكەنە شاخی سورێن[xcii]، لە بارەی چۆنێتی ئەنجامدانی شەڕەكە محەمەدی حاجی محمود دەڵێت:" لە تەپەزێڕینە بووین، ئۆتومبیلێك هات، لەو كاتەدا كاك عەلی شیعە بەمەبەستی كڕینی جگەرە، ڕویشتە دوكانێك، گەیشتە لای دوكانەكە لایتی ئۆتۆمبیلەكە لێیداو چەكەكەی شانی دەركەوت، یەكسەر ئۆتۆمبیلەكە وەستا، لە بەردەمی مندا شۆفێرەكەی وتی ئەو زەلامە چەكی پێ بوو، ئۆتۆمبیلەكە موسەلەحە بوو، ڕەشاشێكی برینیكی لە سەر بوو، دەستمانكرد بە تەقە كردن لێیان لایتی ئۆتۆمبیلەكە و هەردوو تایەی لای شۆفێرەكە و پشتەوەیش بە ركەوت، ئەمەش یەكەم تەقەی شۆڕشی نوێ بوو لەدژی حكومەتی عێراق"[xciii]، بەمەش یەكەم تەقەی دەستپێكردنەوەی خەباتی چەكداری لە دژی حكومەتی عێراق، لە لایەن (محەمەدی حاجی محمود) كرا[xciv]، لەم شەڕەدا (دوو پۆلیس) كوژران و (دووانیش) بریندار بوون[xcv]. پاشان حكومەتی عێراق لە ناو خەڵكیدا وا بڵاویكردوەتەوە، ئەم كردەوەیە لە لایەن قاچاخچی ئەنجامدراوە، بەمەبەستی بردنی پارە بووە، چونكە ئۆتۆمبیلەكە تایبەت بووە بە گومرك، بەڵام ئەم چالاكییەی پێشمەرگە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، بەوەی پێشمەرگە لە ناوچەكەدا بڵاوبووەتەوە، پاش ئەم چالاكییە هەموو جۆرە هاوكارییەكیان پێشكەش بە پێشمەرگەكان دەكرد[xcvi]. هەربۆیە ئامانجی بە درۆ خستنەوەی ئەو پڕوپاگەندەی حكومەتی عێراق بڕیاردەدرێت چالاكییەكی تری چەكداری لە دژی حكومەت ئەنجام بدرێت، تا لە 8ی ئابی 1976 لە هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا، پێشمەرگەكان هێرش دەكەنە سەریان (سێ پۆلیس) دەكوژن و چواری تریش بریندار دەكرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی چۆڵكردنی و شلەژانی سەیرانگاكە، پاشان پێشمەرگەكان دەگەڕێنەوە ناوچەكانی شارەزوور [xcvii].

لە پێناو زیادكردنی چالاكییەكانیان، دەنگدانەوەی زیاتر هێزی پێشمەرگە مەفرەزەكەی شارەزوو بڕیاریاندا لە چەند ناوچەیەكی شارەزوور چالاكی ئەنجامبدەن، بۆ ئەم مەبەستەش چوار ناوچە دیاریكران، ئەوانیش (هەڵەبجە، سیروان، خورماڵ، سەید سادق) (فاتح شێخ حیدر[xcviii]) بۆ شاری هەڵەبجە[xcix] هەر یەكە لە(حامد حاجی غالی و تۆفیق ڕحیم) بۆ شارۆچكەی سیروان، (شەوكەتی حاجی مشیر، عەلی شیعە، دكتۆر ڕەزا) بۆ شارۆچكەی خورماڵ، (محمدی حاجی محمود، حمەی حاجی سابیر، كاك ڕئوف) دانرا بۆ شارۆچكەی سەیدسادق[c]، بە سەركەوتوویی چالاكییەكان ئەنجامدەدرێت[ci]، پاش ئەم چالاكییە هەر یەكە لە(فاتیح شێخ حیدەر، كاك وەهاب، حمەی حمە فەرەج ، ناسر ڕەشید،)[cii]، پەیوەندی دەكەن بە مەفرەزەكەوە، بە مەبەستی پشوودان ڕوودەكەنە گوندی قاینجەیە شارۆچكەی سەید سادق، دەڕۆنە ماڵی ( حمە ڕەشید) ، پاش گەیشتنیان بە ماڵی ناوبراو سیخوڕ هەوڵی گەیشیتنیان بە حكومەتی عێراق ئەدەن، گەمارۆ ئەدرێن[ciii]، بەمەش لە شەوی14/13ی ئەیلوولی 1976 لە گوندی قاینجە یەكەم ڕووبەڕووبونەوەی هێزی پیشمەرگە و سوپای عیراق ڕوودەدات[civ]، لەم بارەیەوە حامدی حاجی غالی دەڵێت:"دوای ئەوەی توانیمان بە

سەرکەوتوویی چالاکییەکان لە ناوچەکان ئەنجام بدەین، بڕیار وابوو لە شاخی سورێن یەك بگرینەوە، بەڵام (فاتیح) نەیتوانی بێتە دەرەوە، دواتر(من و عەلی محمود) توانیمان لە رێگەی هەندێك لە خزمەکانییەوە بیهێنیە دەرەوە، جگە لە فاتیح، چەند کەسێکی تر پەیوەندییان بە ئێمەوە کردبوو ئەوانیش( کاك وەهاب، مجدی حمە فەرەج و ناسر رەشید )کە هەموویان بێ چەك بوون، کاك حەمە رشید داوای کرد برۆینە ماڵی ئەوان لە گوندی (قاینجە) بۆ ئیسراحەت، سەعات 3ی شەو گەیشتینە ماڵی ئەوان، بەڵام بەهۆی هەواڵدان بە حکومەت ئاشکرابووین، حکومەت بە هێزێکی زۆرە هاتە سەرمان، لەو کاتەدا (فاتیح شێخ حیدر) ئێشکگربوو، ئەفسەرەکە داوای لە فاتیح کرد خۆی رادەست بکات، بەڵام فاتیح پێی وت لە مەبدەئی ئێمە تەسلیم بوون نیە. لەو کاتەدا کۆمیتەی هەرێمەکان بڕیارێکی دەرکردبوو، لە شەرێکدا توش بوون تواناى دەربازبوون نەبوو پێویستە خۆتان بکوژن، لەو کاتەدا ویستم هەر یەکە لە( شەوکەتی حاجی مشیر، تۆفیق رحیم، عەریف محمود) و خۆم بکوژم، بەڵام کاك شەوکەت وتی شەڕیان لەگەڵ دەکەین با ئەوان بمانکوژن، هەربۆیە یەکەم تەقە ئەو کردی و ئەفسەرەکەی کوشت، ئیتر تەقە دامەزرا[cv]، بەهۆیەوە فاتیح بریندار دەبێت، بۆ ئەوەی دەستی حکومەتی عێراق نەکەوێت خۆی دەکوژێت، بەمەش دەبێتە یەکەم کوژراوی هێزەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ک)، لە پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری[cvi].

هەرچەندە لە هەوڵنامەی شۆڕشدا لە ژمارە یەکەمیدا هاتووە :"لە تشرینی دووەمی 1976 هێزێکی گەورەی دوژمن هێرشی هێنا بۆ گرتن و لە ناوبردنی دەستەیەك (پ.م)ی چەکدار و بێ چەك لە گوندی قاینجە ( هەڵەبجە)، (30 سەرباز) (1ئەفسەر) کوژران و بریندار کران. زیانی ئێمە کادری ی.ن.ک فاتح شێخ حیدر (هەڵەبجە) کە لە بەر برینداری نەیتوانی دەرباز بێت و بۆ ئەوەی بە زیندوێتی نەکەوێتە دەست دوژمن، خۆی کوشت"[cvii]، بەڵام لە هەندی سەرچاوەدا هاتووە، لە پێناو ئەوەی (فاتیح) بە برینداری نەکەوێتە دەست حکومەتی عێراق، لە لایەن یەکێك لە هاوڕیەکی خۆیەوە دەکوژرێت[cviii].هەروەها هەر یەکە لە(وەهاب حاجی عوسمان زەڵمی، مجدی حمە فەرەج و ناصر رەشید و حمە رەشید) دەستگیر دەکرێن ، پاش یەك ساڵی لە دەستگیرکردنیان لە 7ی تیشرینی یەکەمی 1977 لە بەندینخانەی موسڵ لە سێدارە دەدرین، بەمەش دەبنە یەکەم دەستگیرکراوی (ی.ن.ک)، پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق [cix]، لەم شەرەدا یەك ئەفسەر و (30) سەرباز کوژرا و بریندار بوو[cx] ،دەست بەسەر چەند جۆرێکی چەك دەگیرێت، کە ئەمەش بۆ ئەو کاتە دەنگدانەوەی هەبوو[cxi]. دەکرێت بوترێت یەکەم رووبەڕووبونەوەی حکومەتی عێراق و هێزی پێشمەرگە، لە ئەنجامی هێرشی حکومەتی عێراق بووە، بۆ سەر مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی(ی.ن.ک) لە گوندی (قاینجە)، ئەمەش دوای هەوڵدان بە حکومەتی عێراق، لە لایەن سیخورەکانیانەوە، تێیدا (فاتیح شێخ حیدر) کوژرا، (سێ پێشمەرگەیان) لێ بە دیل دەگیرێت، لەگەڵ خاوەنی ئەو ماڵەی تێیدا دەبن، پاش دەستگیرکردنیان لە ساڵی1977 لە سێدارە دەدرێن. حکومەتی عێراقی (یەك ئەفسەر) و ژمارەیەکی تر لە سەربازیان لێدەکوژرێت و بریندار دەبن.

دوای دەنگدانەوەی هێزی پێشمەرگە و زیادکردنی ژمارە وچالاکییەکانیان لە ناوچەکانی باشووری کوردستان، حکومەتی عێراق بە مەبەستی لە ناوبردنیان، لە زۆربەی ئەو ناوچانەی پێشمەرگەی لێبوو دەستیکرد بە هێرشکردن بۆ سەریان، بۆ ئەم مەبەستە لە تشرینی دووەمی 1976 دەستەیەك پێشمەرگە لە (سەری بەنی حەریر) رووبەڕووی هێزێکی سوپای عێراق بوونەوە، تێیدا (25 سەرباز) کوژران و بریندار کران، تونرا دەست بە سەر پێنج چەك لە جۆری (کلاشینکۆف) بگرن، هەروەها لە هەمان مانگی ساڵدا پێشمەرگە لە گوندی رەژی کەریان (شەقڵاوە) رووبەڕووی هێزێکی حکومەت بووە، شەڕ لە نێوانیاندا روویدا نزیك سەعاتێکی خایاند و تێیدا (2سەرباز) کوژران[cxii]. لە 11ی تشرینی دووەمی هەمانساڵدا سوپای عێراق بە هێزێکی زۆرە دەستیکرد بە هێرش بردن بۆ دۆڵی باڵەیان لە باکووری پارێزگای هەولێر، هێزی پێشمەرگە لە لایەن رێکخستنەکانی ناوچە باڵاکایەتییەوە ئاگادار دەکرێن، هێزی پێشمەرگە بە فەرماندەی(قادر خەبات) رووبەڕوویان دەبنەوە، هێزی پێشمەرگە بە سەر چوارگروپدا دابەشکران، بە مەبەستی ڕیگریکردنی لە هێرشی حکومەت، کە بەم شێوەیە لای خواردەوە بووو:

گرووپی یەکەم: بۆ کونترۆڵکردنی رێگای گشتی دۆڵی باڵەیان دانرا، لە لایەن (قادر خەبات) سەرکردایەتی دەکرا.

گرووپی دووەم: بۆکۆنترۆڵکردنی بەرزاییەکانی باڵەیان دانرا، کە دەیڕوانییە سەر گۆڕستانی گوندی وەسانێ.

گرووپی سێیەم: تایبەت کرا بە کونترۆڵکردنی گردی سولێ، کە دەیڕوانییە سەر رووباری دوێی باڵەیان.

گرووپی چوارەم: ئەم گروپە ئەرکی کونترۆلکردنی رەزی شێخ محەمەد بوو[cxiii].

پاش گەیشتنی سوپای حکومەتی عیراق، لە پێناو لە ناوبردنی هێزی پێشمەرگ و ڕاگواستن و چوڵکردنی ناوچەکە، بوو بە دوو بەشەوە ئەوانیش بریتی بوون لە:

یەکەم: زۆرینەی هێزی حکومەتی عێراق لە پشتی گوندی (چۆم ساك) دامەزرا.

دووەم: هێزێکی کۆماندۆ ڕەوانەی ئەو شوێنانەی پێشمەرگە لێی بوو کرا، پاش گەیشتنی هێزەکە تەقە دامەزرا . لەم شەڕەدا هێزی پێشمەگە توانی ئابلوقە بخاتە سەریان، توانیان هێزە هێرشبەرەکە ڕاوبنێن، لە ماوەی شەڕەکەدا گوندەکانی دەورووبەر بە فیشەك و خواردن هاوکاری هێزی پێشمەرگەیان دەکرد. هەرچەندە سوپای عێراق بە پیادە و زرێپۆش هەوڵی رزگارکردنی هێزە ئابڵووقە دراوەکەیان دا، بەڵام بێ ئەنجام بوو، هەربۆیە بە ناچاری دەزگای هەواڵگری سوپا نوێنەرێکی بە ناوی (نامیق خورشید) ناردە لای پێشمەرگە بەمەبەستی دابینکردنی هێزە گەمارودراوەکە. پاش دەستپێکردنی وتووێژ هەردوولا ڕێکەوتن لە سەر خاڵەکانی یەکتر، داوکاری هێزی پێشمەرگە کشانەوەی هێزەکە و ڕاگرتنی توپارانکردنی ناوچەکە بوو، حکومەتی عێراقیش داوایکرد ئابڵووقە لە سەر هێزەکەی لابرێت. لەم شەڕەدا هێزەکانی عێراق (152) کوژراو برینداری هەبوو، لە بەرانبەردا هێزی پێشمەرگە هیچ زیانیکی نەبوو[cxiv].

لە13ی تشرینی دووەمی 1976هێزێکی گەورەی سوپای عێراق پەلاماری گوندی (گوندەژوور)ی (چۆمان)یان دا بۆ گرتن و لە ناوبردنی دەستەیەك پێشمەرگە، پێشمەرگەکان پاش ڕووبەڕوو بونەوەیان دەتوانن دەرباز بن، بەڵام بە هۆی بوونی پیشمەرگەکان لە گوندەکە، حکومەتی عێراق هەر یەکە لە (مامە مەلا، عبداللە مەلا، صدیق عبداللە، زرار عبداللە و مریەم حەسەن) دەکوژن[cxv]، پاش پێنج ڕۆژ لەم هێرشە و لە 18ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، سوپای عێراق هێرشێکی بەربڵاو دەکاتە سەر گوندەکانی (دۆڵی) و(مالومە) لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی[cxvi]، لە لایەن پێشمەرگەیەك بە ناوی (عزیز فتاح حسن) ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، دەتوانیت(سێ سەرباز ویەك ئەفسەر بکوژرێت)، پاشان بەبریندارای دەستگیر دەکرێت دەبردرێت بۆ کەرکووك لەوێ گولەباران دەکرێت[cxvii]. هەربۆیە دەتوانیین بڵێین (عەزیز فتاح حسن)، دووەهەمین کوژراوی هێزەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ک)بوو، لە پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق.

بە مەبەستی گرتن و گواستنەوەی خێزانی پێشمەرگە سوپای عێراق لە 23ی تشرینی دووەمی 1976دا هێرشی بردە سەرناوچەی (دۆڵی باڵەیان) لە ناوچەی (چۆمان)، هەربۆیە پێشمەرگەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە، بۆ ماوەی(4کاتژمێر) شەڕ درێژەی کێشا، لە ئەنجامدا سوپای عێراق شکا، (55 سەرباز و ئەفسەر)ی کوژرا و بریندارکران. دانیشتویەکی ناوچەکە، کە ئافرەت بوو بریندار دەبێت[cxviii]. لە لایەکی ترەوە بۆ هەمان مەبەست حکومەتی عێراق لە 25ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا هێرشی کردە سەر هەر دوو گوندی (گەرەوانی ژوروو و گەرەوانی خواروو) و پێشمەرگە لە ناوچەی (ڕەواندز)[cxix] لە ئەنجامدا شەڕێکی قورس لە نێوانیاندا ڕوویدا نزیکەی پێنج کاتژمێر خایاند، لەم شەڕەدا چوار پێشمەرگە بە ناوەکانی (ڕەسول حەمەد حەمە، مستەفا حەسەن مەلا، عەبدولڕەحمان حەسەن مەلا ناسراو بە (ڕەحمان کەزیان) و حەمە مجید حەمە ناسراو بە (حەمە ئاغا) لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکان ڕووبەڕوویان بونەتەوە، تێیدا (60سەرباز و ئەفسەر کوژران،60 سەرباز و ئەفسەر بریندار کران و 12 سەرباز بە دیل گیران)[cxx]، هەروەها (70 کلاشینکۆف) و (4 ڕەشاش) و 1(گرینوف) (1 دەزگای بێتەل)، چەند گولە (هاوەنی گری 2) دەستی بە سەردا گیرا. پاشان سوپای عێراق لە تۆڵەی کوژراوەکانیدا 3 هاوڵاتی لە ناوچەکەدا دەکوژن[cxxi]. لە کۆتای مانگی تشرینی دووەم 1976 لە دەشتی (هەریر) شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقدا ڕووی دا، (6سەرباز) کوژران. هەروەها لە گوندی شاناخسێ (چوارتا)، پێشمەر گە ڕووبەڕووی هێزێکی (مەغویر)ی بوونەوە، هێزەکەی حکومەت شکێنرا، جگە لەوەی لە سەر جادەی دول بێشك لە نێوان کارێزە و ماوەت (چوارتا) قافڵەیەکی سوپای عێراق گولەباران کرا، لە لایەن پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک)[cxxii].

لە چالاکییەکی پارتیزانی هێزەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە 2ی کانوونی یەکەمی1976، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە نزیك لە شارۆچکەی (چۆمان) هێرشیان کردە سەر ئۆتۆمبیلێکی سەربازی، توانیان لە چالاکییەکەدا (3سەرباز و 1نەقیب بەناوی یونس) بکوژن، هیچ زیانێك بەر پێشمەرگە نەکەوت[cxxiii]، هەروەها لە لە 6ی کانوونی یەکەمی هەمانساڵدا، حکومەتی عێراق هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر دێهاتەکانی بناری سورێن، لە لایەن هێزێکی پێشمەرگەوە ڕووبەڕوویان بوونەوە، نزیك (13) کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو، لەم شەڕەدا حکومەتی عێراق (35) کوژراو برینداری هەبوو[cxxiv]، لە هەمان ڕۆژ و مانگی ساڵدا مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە نزیك (سەرچنار) لە شاری سلێمانی لە زیلێکی سوپایان دا، توانیان چوار سەرباز بکوژن، دەست بە سەر چوار چەك لە جۆری کلاشینکۆفدا بگرن[cxxv]. لە 12ی کانوونی یەکەمی 1976 لە ئەنجامی دانانی بۆسەیەك بۆ ئۆتۆمبیلێکی سەربازی لە ڕێگای (شەقڵاوە _هیران)، لە لایەن مەفرەزەیەکی پێشمەرگە، توانرا (شەش ئەمن)، معاون ئەمنێك بە ناوی (خلیل ابراهیم حسن)، بکوژن و دەست بە سەر شەش چەك لە جۆرەکانی (3 کلاشینکۆف و 3 سیمینوف) بگرن، هێزەکانی پێشمەرگە بێ زیان بوون[cxxvi].

لە درێژەی هەوڵەکانی سوپای عێراق بۆ لە ناوبردنی هێزی پێشمەرگە، لە 14ی کانوونی یەکەمی 1976، (فەوجی یەك) لە لیوای 36 هێرشێکی بەرفراوانیان بە یارمەتی هەلیکۆپتەر و دەبابە کردە سەر ناوچەکانی (مامەش) بەتایبەتی بۆ گوندەکانی

(دیلو، میرتکان ، شیوەرەز و کانی شینکی)، شەڕێکی قورس لە نێوان هێزەکانی حکومەتی عێراق و پێشمەرگەدا ڕووی دا، بە جۆرێك شەڕەکە نزیك نۆ سەعاتی خایاند، هەر چەندە زیانەکانی حکومەت نەزانراو بوو، بەڵام پێشمەرگەیەك بریندار دەبێت[cxxvii]، هەروەها لە هێرشێکی تری فوجی دوو لە لیوای سی و دوو بۆ سەر دێهاتەکانی مەنگورایەتی (قەڵادزێ) بۆ گرتن و ڕاگواستنی خێزانی پێشمەرگە[cxxviii]، لە14ی کانوونی دووەمی 1976 دەستەیەك لە پێشمەرگە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، شەڕ بۆ ماوەی (5) کاتژمێری دەخایەنێت. هێزەکەی حکومەت شکست دەهێنێت، (30) سەرباز و ئەفسەریان لێ دەکوژرێت، (12)لاشەیان لە مەیدانی شەردا بە جێ دەمێنێتقم (20سەرباز) بریندار دەبێت. هەروەها دەستکەوتی 12 کلاشینکۆف 1قەناس 1ئاربیجی7 3 دەزگای بێتەل و چەند گولە توپی هاوەن دەبێت[cxxix]. دوو پێشمەرگە بەناوەکانی ( فائق مستەفا و سەید حسن ئەرکی ) کوژران[cxxx]. جگە لەوەی لە 17 کانوونی یەکەمی 1976 سوپای عێراق هێرشێکی فراوانی بۆ سەر گوندی (وەڵزی) لە دۆڵی باڵەیانی ناوچەی ( چۆمان) دەستی پێکرد، بە مەبەستی گرتن و ڕاگوێزانی خەڵکی ناوچەکە[cxxxi]، هەربۆیە پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک)، ڕووبەڕوویان دەبنەوە لە نزیك گوندی (وەڵزی) شەڕێکی قورس لە نێوانیاندا ڕوودەدا، کە نزیك10 کاتژمێری خایاند، تێیدا حکومەت لە شەرەکەدا شکا، 70 سەرباز و ئەفسەر کوژران و 34 لاشەیان لە مەیدانی شەڕ جێما، لەوانە (نقیب سعد و نقیب ناصر و مولازم اسماعیل حسن حمدانی) 50 سەرباز و ئەفسەر بریندار کران/ 3 سەرباز بە دیل گیران. هەروەها ( 26 کلاشینکۆف و 5 ڕەشاش و 1 توپی هاوەنی گری2 و 1دەزگای بێتەل) دەستی بەسەردا گیرا، لەم شەڕەدا دوو پێشمەرگە بریندار بوون. بەڵام بە مەبەستی گەڕانەوەی لاشەی کوژراوەکانی حکومەت لە دووکاتی جیاوازدا هێرشی کردەوە سەر ناوچەکە لە هەر دوو هێرشەکە شکستی هێنا 35 سەرباز کوژران و 20 سەرباز بریندار کران[cxxxii].

دوای مانگێك لە لە سێدارەدانی هەریەك لە(شهاب شێخ نووری، جەعفەر عبدولواحید وئەنوەر زۆراب)[cxxxiii]، لە21ی کانوونی دووەمی 1976، مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک)، بە مەبەستی تۆڵەکردنەوەیان چالاکییەك لە شاری سلێمانی ئەنجام ئەدەن[cxxxiv]، لەم بارەیەوە ئاوات قارەمانی دەڵێت:" دوای مانگێك لە شەهیدکردنی خاڵە شهاب و هاوڕێکانی، سەرکردایەتی ناوخۆی (ی.ن.ک) بەتایبەتی کاك ئارام و عەلی عسکەری، دوایان کرد چالاکییەك ئەنجام بدەین تەقە لە بەرپرسی ئەمنی سلێمانی بکەین، چونکە ئێمە لژنەی ئیغتیالاتی ناوشارمان هەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش نامەیەکیان بە مەفرەزەیەکی پێشمەرگە، کە لە شەش کەس پێکهاتبوون ئەوانیش بریتیبوون لە (کاك هاوڕێ، فەتاح، فاخر کەرکووکی، سۆران و عومەری هێلکە و غەریبی ئەمنی کولەیی)، لە نامەکەدا پێ ڕاگەیاندبووین، ئەگەر پێویستمان بە سەیارە بوو، برۆین بۆ لای (جەمال ئاغا)، کە ڕویشتم بۆ لای ئاغا، پێی وتین دانیشن چالاکی چی، (ئارام و عەلی عسکەری) سەیرن! ئامادە نەبوو یارمەتیمان بدات. (بەرپرسی ئەمنی) سلێمانی پاسەوانێکی زۆری هەبوو، نەمانتوانی چالاکییەکە لەدژی ئەو ئەنجام بدەین. دواتر(من و مەلا بەختیار و دلێری سەید مجید) بڕیارماندا دەست لە پارێزگاری سلێمانی بوەشێنین، بۆ ئەو مەبەستە پلانێکمان دانا، مەفرەزەیەکمان دروستکرد، دوو لە پێشمەرگەکانم هێشتەوە ئەوانیش (سۆران و فاخر کەرکوکی)، (یاسینە ڕەش، حمەی مام عەلی، ئیسماعیل قاسم) مەفرەزەکە لە لایەن (یاسینە ڕەش) سەرکردایەتی دەکرا، (فوئاد و مەلا بەختیار)یش بەشدار بوون، ڕاستەوخۆ من سەرپەرشتیم دەکرد، بۆ ئەو مەبەستەش مزگەوتێك لە سەر جادەی مەولەوی بوو بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکە دانرا، چەند شوێنێکی تر بۆ پێشمەرگەکان دەستنیشانکرا بۆ چاودێریکردنی پارێزگار تا شوێنی مەبەست، کە گەیشتە لای مزگەوتەکە لە لایەن هەر یەکە (سۆران و فاخر کەرکوکی)، دەسترێژی لێکرا بە سەختی بریندار بوو[cxxxv]، لە لایەکی ترەوە کوردستانی نوێ سەبارەت بەم چالاکییە نوسیوێتی:" کاتێك تەرمی شەهیدان (شەهاب، جەعفەرو ئەنوەر) هێنرانەوە کوردستان، لە ناو شاردا بڕیار درا چالاکییەکی گەورە ئەنجام بدرێ. پاش تاوتوێ کردن پارێزگار وەکو گەورەترین دەسەڵات دیاریکرا. سەرکردایەتی لە شاخ ئاگادارکرایەوە، شەهید عەلی عەسکەری و سالار عەزیز شەشە پێشمەرگە، کە پێکهاتبوون لە(1_ئەنوەر توفیق هەورامی (سۆران) 2_ فاخر کەرکوکی 3_ غەریبی ئەمینی بوك 4_ عومەری عبدولڕەحمان هێلکە 5_ خەلیفەی عەبدوڵڵا مارف 6_ مستۆی وەستا حەسەن) ناردەوە ناو شار، پاش گەیشتنیان ڕێ و شوێنی چالاکییەکە لە یەکدرایەوە، دوای چەندین پرۆژە لە دوا ئەنجامدا لێدانی پارێزگار لە شوێن و کاتی دیاریکراوی خۆیدا ڕۆژی (21ی کانوونی یەکەمی 1976) سەعات (8.5) بەیانی، لە سەر جادەی مەولەوی، سەرووی فولکەی باخی گشتی، بڕیاری لێدرا. توانرا لە سەربانی مزگەوتی مەولەوی دەسترێژی گولە لە کاروانی پاریزگار بکرێت لە لایەن ( سۆران و فاخر کەرکووکی)، ئەم چالاکییە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لە نێو خەڵکیدا"[cxxxvi]، هەروەها سەبارەت بە ئەنجامدانی ئەم چالاکییە لە بەیاننامەیەکی بەشی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) تایبەت بە چالاییەکانی 1976 هێزەکانی پێشمەرگە لە دژی حکومەتی عێراقدا هاتووە:" لە21ی کانوونی یەکەمی1976، دوای تێپەڕبوونی مانگێك لە شەهیدبوونی (شهاب شێخ نوری، جەعفەر عبدولواحید، ئەنوەر زۆراب)، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە چونە نێو شاری سلێمانی لە کاتژمێر هەشت و نیوی

بەیانی لە کاتی ڕۆیشتنی پارێزگار (محەمەد محەمەد ئەمین) بۆ دەوام لە سەر جادەی مەولەوی بە سەختی بریندار کرا، هەروەها سێ لەهاوڕێیەکانی کوژران، مەفرەزەکە بە بێ هیچ زیانێك توانییان شاری سلێمانی جێبهێڵن[cxxxvii]، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم چالاکییە یەکەم چالاکی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) بوو لە ناو شاری سلێمانی، بە ئامانجی تۆڵەکردنەوەی شەهیدکردنی هەرسێ سەرکردەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (شهاب شێخ نوری، جەعفەر عبدولواحید، ئەنوەر زۆراب)، توانرا پارێزگاری شار بە سەختی بریندار بکرێت و سێ لە هاوەڵانی بکوژرێت. لە لایەکی ترەوە لە 21 ی کانوونی یەکەمی 1976 لە چالاکییەکی پارتیزانیدا مەفرەزەیەك پێشمەرگە لە سەعات سێ و نیوی شەودا لە سەر ڕێگای (ڕانیە _ سەنگەسەر)[cxxxviii] هێرش دەکەنە سەر ئۆتۆمبیلێکی سەربازی تێدا 2 سەرباز و 1 ڕائد کوژران و 1 ڕائد بریندار دەبێت[cxxxix] .لە درێژەی چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک)، لە شێوەی پارتیزانی لە لە 32ی هەمان مانگی ساڵدا مەفرەزەیەکی پێشمەرگە نزیك گوندی (بێتواتە)، بۆسە بۆ ئۆتۆمبیلێکی سەربازی لە جۆری (زیل) دادەنێین، دەتوانن لە ماوەی (10خولەك) ئامانجەکەیان بپێکن، (10سەرباز) بکوژن، نائب زابتێك و (5سەرباز) بەدیل بگرن، وێڕای ئەوەی دەست بە سەر (10) کلاشینکوف دەگرن[cxl].

لە26ی کانوونی یەکەمی1976مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە نێوان(گەڵاڵە_ ڕەواندز) نزیك گوندی (ئۆمەرئاوا)، لە قافڵەیەکی ئۆتۆمبیلی سەربازی دەدەن، کە ژمارەیان (7) ئۆتۆمبیل دەبێت، لە جۆری (زیل و جێب)، شەڕەکە بۆ ماوەی کاتژمێر بەردەوام دەبێت، 60 سەرباز دەکوژرێت[cxli]. لە هەمان ڕۆژدا لیوای سی و شەش هێرش دەکەنە سەر گوندی (پلنگان) لە دۆڵی شاور، بە ئامانجی وێرانکردنی گوندەکە[cxlii]، دەستەیەك پێشمەرگە ڕووبەڕوویان دەبنەوە شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و حکومەت ڕوو دەدات، تێیدا (60) سەرباز و ئەفسەر کوژران و 12 لاشەیان لە مەیدانی جەنگ بە جێ دەمێنێت، دەست بە سەر 12 کلاشینکۆف و یەك ڕەشاشدا دەگیرێت[cxliii] ، لە شەوی هەمان ڕۆژدا واتا لە شەوی 27/26ی کانونی یەکەمی 1976حکومەتی عێراق لە ڕێگەی (4هێلیکۆپتەر) هێرشی کردە سەر زنجیرە شاخەکانی (ماکوك) و ناوچەکانی (سەری هەرتل و گۆڵان)، بە مەبەستی لێدانی لە پێشمەرگە و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە[cxliv].

لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی 1976، سوپای عێراق هێرشی کردە سەر گوندی (شارستێن)ی سەر بە شارۆچکەی ڕانیە، بە مەبەستی لێدان لە پێشمەرگە، پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بووەوە، توانیان شکست بە هێرشی حکومەت بهێنن[cxlv]، کۆتا ڕووبەڕووبونەوەی حکومەتی عێراق و پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لە ساڵی 1976، لە 27ی کانوونی یەکەمی 1976 بوو، ئەمەش دوای ئەوەی مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە گوندی (کوسی سپی) نزیك لە شارۆچکەی ڕەواندز، هێرشیانکردە سەر قافڵەیەکی ئۆتۆمبیلی سەربازی، توانیان بە سەرکەوتوویی چالاکییەکەیان ئەنجام بدەن و هیچ زیانیکیان پێ نەگات[cxlvi].هەروەها لە پایزی هەمانساڵدا مەفرەزەی شارباژێڕ کە پێکهاتبوون لە( هێمن سەراوی، محەمەدی حاجی عەلی، کەمال شێخە و محەمەد محمود سەراوی و چەند پێشمەرگەیەکی تر) بە فەرماندەی جەمال عەلی باپیر، هێرشیان کردە سەر (ڕەبیەی ئەزمەك)، توانیان چەند ئیڤاییەك تێکبشکێنن و زیانی بە ڕەبیەکە بگەیەنن، پاش ئەم چالاکییە هەمان مەفەرەزە هێرش دەبنە سەر ڕەبیەی (قورمتێن)، کە لە پشتی ئاوکورتێ بوو، زیانیان زۆریان بە ڕەبیەکە دەگەیەنن[cxlvii] هەربۆیە دەتوانین بڵێن دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانی پێشمەرگە لە سەرەتادا لە شێوەی پارتیزانی، لە ئەنجامی سیاسیەتی حکومەتی عێراق بووە لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول توانیبوی دەست بەسەر زۆرێك لە ناوچە گرنگ و ستراتژییەکانی کوردستاندا بگرێت، هەربۆیە یەکەم چالاکی پێشمەرگە لە چوارچێوەی چالاکی پارتیزانیدا بوو، کە لە لە شەوی 28/27ی تەموزی 1976دا بوو لە ناوچەی شارەزور لە دێی (تەپەزێرینە)، ئەمەش دوای ئاشکرابوونی مەفرەزەیەك پێشمەرگە لە ناوچەکەدا، هەروەها یەکەم ڕووبەڕووبونەوەی هێزی پێشمەرگە (ی.ن.ک) و سوپای لە شەوی 7/6 تشرینی یەکەمی 1976 لە گوندی قاینجە ڕوودەدات، ئەمەش پاش هێرشی سوپای عێراق بۆ گوندەکە، بە مەبەستی گرتنی ئەو مەفرەزە پێشمەرگەی لە گوندەکەدا بوو، هەرچەندە یەکەم پێشمەرگەی (ی.ن.ک) بە ناوی (فاتح شێخ حیدەر) شەهید دەبێت، بەڵام زیانەکانی حکومەت زیاتر دەبێت لە شەڕەکەدا، لە ماوەی نێوان تەموزی 1976 بۆ کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا، چەندین شەڕو ڕووبەڕووبونەوە لە نێوانیاندا ڕویداوە، زۆرێك لە ڕووبەڕووبونەوەکان لە ئەنجامی هێرشی حکومەتی عێراق بووە بۆ بەشێك لە گوندەکان و پێشمەرگەکان، نەك بە پێچەوانەوە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لە سەر بڵاوبوونەوەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق و زیاد بوونی ژمارەی پێشمەرگە لە هەموو ناوچەکان.

## ئەنجام:

**یەکەم:** یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، یەکەم پارتبووە لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، بڕیاری خەباتی چەکداری داوە، ئەمەیش دەرئەنجامی چەندین هۆکار و ئامادەکارییەکانی ڕێکخستنەکانی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان بوو، بۆ ئەم مەبەستەش هەر دوو پرۆژەی (نەخشەی ڕزگاری، پەیرەوی

دەستە چەکدارەکان) لە دەرەوە و ناوخۆی ولات ئامادە دەکرێت.

**دووەم:** یەکەمین مەفرەزەی یەکیتیی نیشتیمانی کوردستان، لە دەرەوەی وڵات، لە وڵاتی سوریا لە لایەن جەلال تاڵەبانی ئامادە کرا، لە 1ی حوزەیرانی 1976 (ئیبراهیم عەزۆ) ڕەوانەی باشووری کوردستان کرانەوە، بە مەبەستی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری.

**سییەم:** بە هۆی ناکۆکی نێوان (ی.ن.ک) و (قیادە موەقتە)، دوای دوو مانگ لە گەڕان و بڵاوکردنەوەی پەیامی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە لایەن ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک)، تەواوی پێشمەرگەکانی مەفرەزەکەی ئیبراهیم عەزۆ لە لایەن (قیادە موەقتە) لە ناوبران .

**چوارەم:** یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی لە ناو خۆی وڵات، لە لایەن (کۆمیتەی هەرێمەکان) ئامادە کران و نێردرانە دەرەوە، ئەویش مەفرەزەکەی شارەزوور بوو، لە 27/26 ی حوزەیرانی 1976 ڕوودەکەنە شاخی سورێن.

**پێنجەم:** دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لە لایەن مەفرەزەکانی (ی.ن.ک) لە شێوەی پارتیزانی بوو، زیاتر چالاکی (پڕۆپاگەندەی چەکداری) بوو لە ناوچەکانی باشووری کوردستان.

**شەشەم:** یەکەم چالاکی چەکداری پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لە دژی حکومەتی عێراق لە شەوی 28/27ی تەموزی 1976دا بوو لە ناوچەی شارەزور لە دێی ( تەپەزێڕینە)، ئەمەش دوای ئەوەی پێشمەرگەکانی مەفرەزەی شارەزوور بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی و کڕین پێداویستیەکانیان لە ناوچەکەدا بوو.

**حەوتەم:** ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لەگەڵ هیزەکانی حکومەتی عێراق لە ساڵی 1976، لە ئەنجامی هێرشی هێزەکانی حکومەتی عێراق بوو بۆ ناوچەکان، بە تایبەتی ناوچە سنووریەکان، بە مەبەستی ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەکە و کونترۆڵکردنی ناوچەکە، بەکارهێنانی بە مەبەستی کاری سەربازی.

## الهوامش

(i) سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی نیشتیمانی کوردسان، دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، چ1، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، سلێمانی،2002،ل١٢٢؛ کامەران ئەحمەد سلێمان: کوردەکانی کوێت لە ئاوارەییەی بۆ ئاوارەیی، کوردستانی نوی، ساڵی نۆیەم، ژ(2102)، شەممە، 2000/3/25، ل8.

(ii) مەجید ساڵح: ڕامانێک لە نەوشیروان مستەفا ئەمین، چ١، چاپخانەی پیرە مێرد، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٣٦.

(iii) دیڤید ڕۆمانۆ: بزاڤی ناسیۆلیستی کورد، دەرفەت، ڕێکخستن، ناسنامە، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە هۆمەر فەیزی، ب،چ، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠٢٠، ل٤١٦؛ سەرەوە عبدالرحمان عمر: پارتی کۆمۆنیستی عیراق و مەسەلەی کورد ١٩٣٤_١٩٧٥، نامەی دکتۆرا، بەشی مێژوو، کۆلیجی زانست مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، بڵاوکراوە، ل٢٩٨؛ محەمەدی حاجی مەحمود: بۆ یەکمجار ی. ن. ک لە کوردستان بڕیاری خەباتی پارتیزانی دا، کوردستانی نوێ، ساڵی نۆیەم، ژ(2163)، یەک شەممە، 2000/6/4، ل8.

(iv) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی فاکتەرەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە لای (ی.ن.ك) بڕوانە: زانا فەقێ محەمەد، د.ئاکۆ عەبدولکریم شوانی: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ(10)، تشرینی دووەمی 2023، ل174_175.

(v) سەڵاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، بۆچی سەری هەڵدا، چۆن گەشەیکرد، سەر ئەنجام، چ١، چاپخانە ناوندی ڕوشنبیریی ئەدیبیان، ٢٠٢٠، ل١٤٨؛ جاسم توفیق خۆشناو: مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان،چ1، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2001، ل194.

(vi) د. هەستیار کەمال کوردی: پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت - عێراق و کاریگەری لە سەر باشووری کوردستان ١٩٧٢ – ١٩٩١، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەڵگەنامەییە، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٩٨-١٩٧.

(vii) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هێڵە گشتییەکانی پڕۆژەی (الخطه رزکاری _ نەخشەی ڕزگاری) بڕوانە: سەرەوەر عەبدوالرحمان عومەر: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان..، ل255-256.

(viii) عادل موراد:لە سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابییانەوە بۆ سکرتاریەتی ئەنجوومەنی ناوەند، ل١٦١، نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە، ل٨٧-٨٩.

(ix) کۆمیتەی هەرێمەکان، دامەزراوەیەکی سەرکردایەتی کۆمەڵەیە، لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٧٦، لە ئەنجامی ئاشکرابوونی (ئەنوەر زۆراب) لە ٣ی ئەیلولی ١٩٧٥، بە شێک لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و دەستگیرکران، کۆمەڵە توشی گرفت و پەرش و بڵاوی دەبێت، بەشێکی تریان بە سەرکردایەتی (خاڵە شەهاب) لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٧٥ ڕوودەکەن وڵاتی ئێران، دەستگیر دەکرێن و ڕادەستی عێراق دەکرێنەوە ، بۆیە (کۆمیتەی هەرێمەکان) لە لایەن هەر یەکە لە (شاسوار جەلال (ئارام)، سالار عزیر، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی) دروستدەکرێت، (شاسوار جەلال_ئارام) دەبێتە کەسی یەکەمی کۆمیتەکە، دەتوانن دووبارە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ڕێکبخەنەوە، نەخشە و پلانی نوێ دابڕێژن، بڕیاری خەباتی چەکداریی بدەن. (شێخ جەمال شێخ نوری، بیرەوەریەکانم لە ڕێکخستنی کۆمەڵەدا (١٩٧١-١٩٨٣)، ب١، چ١، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٠_١٣؛ مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی .. شنەبای گەشاندنەوەی ژیلەمۆکان، بۆ پەرتووکی (ئازاد هەورامی، کەکوکییەکی کوردستانی) ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد، ب،چ، چاپخانەی حەمدی، سێمانی، ٢٠١٨، ل١٧_٢٢؛ ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، چ٤، ب3 (ک _ ی)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، ٢٠٢١، ١٧٤١_١٧٤٣).

(x) خەڵەف غەفور: فەریدون عەبدولقادر لە وێستگەکانی خەباتی نهێنی و پێشمەرگایەتی و ڕاپەریندا، چاوپێکەوتن، گۆڤار کەلتور، ژ(٩) نیسانی ٢٠١٣، ساڵی چوارەم، ل١٥٨-١٥٩.

(xi) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان) بڕوانە: لێژنەی سەرکردایەتی دەستە چەکدارەکان، حوزەیرانی ١٩٧٦، پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان. بڕوانە : سەرەوەر: عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ل257-263.

(xii) نەوشیروان مستەفا: کاتێك باسی دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە کوردستانی عێراقدا بکرێت و باسی دامەزراندنی ی.ن.ك. بکرێت، ناکرێت بە بێ ناوی شەهید سەید کەریم، باس بکرێت، کوردستانی نوێ، ساڵی سیانزەهەم، ژ(3473)، چوار شەممە، 2004/9/15، ل2.

[xiii] سەروەر عەبدولرحمان: دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان... ل31_32؛ د. جەمال فەتحوڵا تەیب: بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (1975/3/21_1980/11/28)، چ1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2021، ل103.

[xiv] لە بارەی یەکەم مەفرەزە نەیان توانی بگەڕێنەوە باشووری کوردستان، جەلال تاڵەبانی وتوویەتی:" لە سەرەتادا لە وڵاتی سوریا هێزێکی باشی پێشمەرگە بو، بەڵام ڕاستییەکەی نەمان دەزانی لەدیوی ناوەوە چۆن دەژین و زەمینەی کار چۆنە، لە بەر ئەوەی یەکەم جار وامان پەسەندکرد ژمارەیەکی کەم بنێرینەوە. ئەوە بوو چەند هەوڵێکماندا بۆ ناردنەوە، یەکەمجار هەوڵێکماندا، کۆمەڵێك برادەر لەوانە (عادل موراد، فەرهاد شاکەلی) و چەند برادەرێکی تر بچن، بەڵام لە نیوەی ڕێگا گەڕانەوە و بڕیان نەکرد، توانای چوونەوەیان نەبوو، هەریەکەو بیانویەکیان هەبوو". وەرگیراوە لە: دیداری تەمەن، مام جەلال، لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی : سەلاح رەشید، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٧.ب2، ل54.

[xv] هـ، س، ل55.

[xvi] ورەی بەرزو هیوای گەورە" یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیی گەیاندە ئەم رۆژە، کوردستانی نوێ، ساڵی دەهەم، ژ(2466)، چوار شەممە، 2001/5/30، ل6.

[xvii] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سامان گەرمیانی، سلێمانی، 2ی ئازاری 2021. (سامان تۆفیق محەمەد عەلی لە ساڵی 1953 لە شارۆچکەی کفری لەدایکبووە، لە ساڵی 1973 دەبێتە ئەندام لە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان)، لە ساڵی 1974 پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە دەکات، پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1976دەڕواتە وڵاتی سوریا بە پەیوەندی بە (ی.ن.ک) دەکات، لە نێوان ساڵانی( 1976-1988)چەندین لێپرسراوەتی هەبووە، بەشداری چەندین چالاکی و شەڕی لە دژی حکومەتی عێراق کردووە، لە ساڵی 2010 دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی (ی.ن.ک) ، لە ئێستادا لە سلێمانی دەژی).

[xviii] بلند شالي: انبثاق ثورة رماد ثورة مسيرة الـ٣٨ ثائرا، ط١، مطبعة حمدي، السليمانيه، منشورات مكتب تنمية الفكر و التوعية في التحاد الوطني الكردستاني، ص31؛ خێری شنگالی: کوردستانی نوێ، ماڵی شەهیدی سەرکردەی ئیبراهیم عەزۆ بە سەردەکاتەوە، کوردستانی نوێ، ساڵی دەهەم، ژ(2505)، یەکشەممە، 2005/7/15، ل6.

[xix] عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا(فەیلی): بیرەوەرییەکی بچووك بۆ یادی دامەزراندنی ی.ن.ك، کوردستانی نوێ، ساڵی چواردەهەم، ژ(3686)، چوار شەممە، 2005/6/1، ل6.د. فواد معسوم: لە یادی هەژدەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی ی.ن.ك دا، کوردستانی نوێ، ساڵی دووهەم، ژ(403)، سێ شەممە، 6/1/ 1993، ل2.

[xx] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە ...، ل121؛هەواڵنامەی کوردستانی عێراق: هەوڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عێراق لەماوەی دوو ساڵدا، ژ(1)، مایسی 1978، ل25.

[xxi] بلند شالي: م، س، ص67-68؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عادل شکور، سلێمانی، 30ی ئازاری 2022.

[xxii] بلند شالي: م، س، ص76-68.

[xxiii] ن، م، ص68-69.

[xxiv] نەجمەدین بیوکا کەیا (نەجۆ) لە ساڵی 1943 لە گوندی (قەرەهان)، لە ویلایەتی ئۆرفە لە دایکبووە، لە ساڵی 1971 بەشی حقوقی لە زانکۆی ئەستەنبوڵ تەواو کردووە، بە شداری لە چەندین کاری سیاسی و ڕێکخراوەی کردووە، لە کاتی دروستکردن مەفرەزە چەکدارەکانی(ی.ن.ك)، هاوکاری کردووە، لە ناوڕیزەکانی (ی.ن.ك) بە (سەلاح) ناسرابوو، لە بەهاری 1982 لە تورکیا دەستگیر کرا، لە زیندانی دیار بەکر لە (22ی کانونی دووەمی 1984) شەهید کرا. (وەرگیراوە لە: نەوشیروان مستەفا: لە کەناری دانوبەوە... ل90-92؛ سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی ی نیشتیمانی کوردستان... ل170).

[xxv] شیلان حاجی شەریف: ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور لە ساڵانی 1975 – 1992، چ2، ب، ن، چ، 2021، ل142؛نەوشیروان مستەفا: لە کەناری دانوبەوە... ل89-90؛ د. جەمال فەتحوڵا تەیب: س، پ، ل103.

[xxvi] دەشتی عەبدولعەزیز: ئیکەمین مەفرەزەل بادینان بوو، کوردستانی نوێ، ساڵی هەشتەم، ژ(1873)، چوار شەممە، 1999/6/3، ل9.

[xxvii] نەوشیروان مستەفا ئەمین: قیادە موەقەتە لە چ بەرەیەکدا وەستاوە؟ چ2، چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ، ل 39-40.

[xxviii] نەوشیروان مستەفا: لە کەناری دانوبەوە... ل121؛ مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی: س، پ، ل46؛ هەواڵنامەی کوردستانی عێراق: س، پ، ل26-

[xxix] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عادل شکور، سلێمانی، 30ی ئازاری 2022.

[xxx] لەو ماوەیەدا مەفرەزەکان توانیان لە چەندین ناوچەی(ئامێدی و دهۆك و زاخۆ) پەیوەندی بە چەندین کەسایەتییەوە بکەن، بە تایبەتی ئەوانەی لە شۆڕشی ئەیلولدا پشتگیری باڵی مەکتەبی سیاسییان دەکرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بلند شالي: م، س، ص 77-107.

[xxxi] لە کەناری دانوبەوە ... ل121.

[xxxii] سەبارەت بە ناردنی ڕاسپارەکانی (جەلال تاڵەبانی) بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە، برایم عەزۆ بە (شاباز) وتوویەتی:" دەبێت ئەرکێکی نهێنی و زۆر ترسناك جێبەجێ بکەیت، کە گەیاندنی نامەیەکی (مام جەلال) بۆ سەرکردایەتی یەکێتی لە سلێمانی، چارەنووسی ئەم هێزەی پێشمەرگەیش بەستراوە بەسەرکەوتنت لەگەیاندنی ئەم نامەیە، دەبێت دوای سێ ڕۆژ بە وەڵامەوە بگەڕێیتەوە".وەرگیراوە لە :بلند شالي: کاروانی 38 شۆڕشگێڕەکە، وەرگێڕان و دارشتنەوەی بورهان حاجی سلێمان، چ1، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2021، ل79.

[xxxiii] شازاد صائیب و بیرەوەرییەکانی لەگەڵ ڕۆژانی سەخت وهەڵسانەوەدا، کوردستانی نوێ، ژ(1308)، پێنج شەممە، 1996/6/13، ل3.

[xxxiv] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دژایەتیکردنی (قیادە موەقەتە) بڕوانە: سەرەوە عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی ی نیشتیمانی کوردستان، ... ل131-135؛ هەواڵنامەی کوردستانی عێراق: س، پ، ل40.

[xxxv] د. عەلی تەتەر نێرەوی :بزاڤی ڕزگاریخوازی نەنەوەی کورد لەکوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨،ل82؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ ( 3695)، 26/ 5/ 2002، ل4؛ جەوهەر نامق سالم: لمناسبة ذكرى ثورة گولان، الجريدة خەبات، ع( 677)،26ی گوڵانی 1993، ص7؛ دلاوەر مجد صديق زيباری: س، پ، ل58-65.

[xxxvi] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عادل شکور، سلێمانی، 30ی ئازاری 2022.

[xxxvii] لە نێوان 15ی تەمووزی 1976 بۆ 15 ئابی هەمانساڵدا، مەفرەزەکانی (ی.ن.ك)، لە ناودەبرێن. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنێتی گرتن و کوشتنی مەفەرزەکانی (ی.ن.ك)، لە لایەن (قیادە موەقەتە) بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە ... ل121-122؛ د.عەلی تەتەر نێرەوەی: س، پ، ل82؛ سەلاح ڕەشید:شەڕی ناوخۆی کورد...، ل171-173؛ سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی ی نیشتیمانی کوردستان... ل 131-136.

[xxxviii] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە ... ل122؛ دلاوەر مجد صدیق زیباری: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق لەبزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەباشوری کوردستان(١٩٧٦_١٩٩١)، لێکوڵینەوەیەکی مێژوویی

سیاسییە، نامەی ماستەر، یڵاونەکراو، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٧، ل71؛ شەماڵ عەبدوڵڵا: یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاسۆیەك بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە، چ1، سلێمانی، 2005، ل107.

[xxxix] د. عەلی تەتەر نێرەوەی: س، پ، ل82.

[xl] لە کەناری دانوبەوە ...، ل124.

[xli] هەڤاڵ عادل شکور: ئێمە یەکەم دەستەبووین لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی دا لە ئێرانەوە خۆمان گەیاندە سوریا، ئامادەکردنی: ڕەحمان خانی، کوردستانی نوێ، ساڵی حەوتەم، ژ(1624)، دوو شەممە، 1/6/ 1998، ل8.

[xlii] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سامان گەرمیانی، سلێمانی، 2ی ئازاری 2021.

[xliii] وەرگیراوە لە : نەوشیروان مستەفا: لە کەناری داونوبەوە ...، ل124-125.

[xliv] سەبارەت بە پێگە و کەسایەتی عیصمەت دینو نەشیروان مستەفا وتوویەتی:" یەکێك لەوانەی پشتمان پێ بەستبوو کابرایەکی زاخۆیی بوو بە ناوی (عیصمەت دینو)، بە خۆی ودەستو پەیوەندییەکانیەوە لەشوێنێکی سنوری عێراق و تورکیا دانیشتبوو، چەندین کلاشینکۆف و ئاربیجی و تەقەمەنیمان لە لا دانابوو". لە کەناری داونوبەوە ...، ل124.

[xlv] کوردستانی نوێ: شەهیدی سەرکردە ملازم سەید کەریم ... ل6.

[xlvi] نەوشیروان مستەفا: لە کەناری داونوبەوە ...، ل125.

[xlvii] هەڤاڵ عادل شکور: ئێمە یەکەم دەستەبووین ...،ل8.

[xlviii] هەموو سۆرانیەکان لە ڕێزی ڕێخستنەکانی (ی.ن.ك) مانەوە، ئەوانیش پێکهاتبوون لە ( 1_نهوشیروان مستەفا 2_عادل موراد 3_ئەنوەر شاکەلی (فەرهاد شاکەلی) 4_ سەید کەریم 5_ داود حمە علی گیان 6_ مولازم حەسەن خۆشناو 7_ مولازم عەبدوڵڵا خوشناو 8_ عادل شکور 9_ رەئووف کەرکووکی 10_ دکتۆر خدر معسوم 11_ کاك مرسل برای سەید مجید 12_ حمید فەیلی 13_ سامان گەرمیانی). وەرگیراوە لە : چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سامان گەرمیانی، سلێمانی، 2ی ئازاری 2021.

[xlix] ه، س.

[l] لە کەناری داونوبەوە ...، ل125-

[li]بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چۆنێتی گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) بۆ سوریا بڕوانە: ه، س، ل12-127.

[lii]مەلا بەختیار:ئارام.. شەهیدێکی زۆر خۆشەویستی کوردستان، کوردستانی نوێ، ساڵی دوانزەهەم، ژ(2978)، شەممە،2003/2/1، ل3.

[liii] د. ئەحمەد حەمەدئەمین: ڕەوتی چەپ لەباشووری کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەنموونە، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦،ل138.

[liv] مەلا بەختیار: ئازاد هەورامی؛ ئاسکێکی ڕادیکاڵ، کوردستانی نوێ، ساڵی هەشتەم، ژ(1937)، سێ شەممە، 1999/8/31، ل11.

[lv] شەوکەتی حاجی مشیر:ئەگەر ئیشی بۆبکرێت دەتوانرێت رۆحییەتی شۆڕشگێڕانەی ساڵی1976دروستبکرێتەوە، چاوپێکەوتنی: جەمال عەبدوڵلا، کوردستانی نوێ، ساڵی دەهەم، ژ(2439)، یەکشەممە، 2001/4/29، ل7.

[lvi] هەریەکە لە پێشمەرگەکانی ئەم مەفرەزەیە، ناوێکی خوزراوی بۆ دانرا، ئەوانیش بریتی بوون لە (شەوکەتی حاجی مشیر(مەلا نوری)، حامیدی حاجی غالی (دلێر)، محمود عبدالرحمان عبدالقادر، حمە سعید محمد امین(دکتۆر ڕەزا)، تۆفیق رحیم عبداللە(کامەران)، محمد حاجی محمود، علی ئەحمەد محمود(عەلی شیعە). وەرگیراوە لە: شێخ عەلی: کەشکۆڵی بەسەرهاتم، چ1، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2013، ل104-105؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمدی حاجی محود، گوڵخانە، 8ی ئەیلوولی 2022.؛ گۆڤاری کۆچ: دیمانەیەك لەگەڵ بەڕێز حامی حاجی غالی، ئامادەکردنی: سامان سەرحەد، ژ(7_8)، 2008، ل423.

[lvii] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، 14ی کانوونی یەکەمی 2021.

[lviii] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمدی حاجی محود، گوڵخانە، 8ی ئەیلوولی 2022.

[lix] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاوات قارەمانی، سلێمانی، 1ی حوزەیرانی 2022؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حامد حاجی غالی، سلێمانی، 28ی ئەیلولی 2022. . (حامد حاجی غالی، لە ساڵی 1950 لە شاری هەڵبجە لە دایکبووە، لە ساڵی 1974 پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی مارکسی لینین) دەکات، بە شدار بووە لە دروستکردنی یەکەمین مەفرەزەی سەرەتای لە ساڵی 1976، بەشداربووە لە خولێکی سەربازی لوبنان لە ساڵی 1980، لە ساڵی 1985 دەبێتە بەرپرسی عسکەری مەڵبەندی دوو، بەشداری زۆرێک لە چالاکی و شەڕەکانی دژی حکومەتی عێراق کردوو. ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)، لە شاری سلێمانی دەژی.

[lx] ئارام قادر خەبات: شێرە کوڕانی قەندیل یەکەمی مەفرەزەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوون، چ2، سلێمانی ، 2005، ل.

[lxi] قادر خەبات: ڕۆژانی هەوەڵی شۆڕشی نوێمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئامادەکردنی: ئدریس لاوە، کوردستانی نوێ، ساڵی دووەم، ژ(403)، سێ شەممە، 1993/6/1، ل4؛ ك.ن. سۆران: قادر خەبات خاوەنی سی ساڵ خەبات، کوردستانی نوێ، ساڵی یەکەم، ژ(109)، پێنج شەممە، 4/ 6/ 1992، ل4.

[lxii] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هۆکار و چۆنێتی ڕۆیشتنە دەرەوەی ئەو مەفرەزەیە بۆشاخی قەندیل بڕوانە: هەواڵنامەی کوردستانی عێراق: هەوڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عێراق لەماوەی دوو ساڵدا، ل25.

[lxiii] مەلا بەختیار: لە بری بیرەوەری ... ل81.

[lxiv]سالار عەزیز، بایز تاڵەبانی: لە یادی یۆبیلی زیوینی شەهیدی سەرکردە کاکە ئارام دا، ئامادەکردنی:لوقمان غەفور، کوردستانی نوێ، ساڵی دوانزەهەم، ژ(2978)، شەممە،2003/2/1، ل7؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئازادی سەگرمە، سلێمانی، 1ی شوباتی محەمەد غەریب عەبدوڵڵا ناسراو بە (ئازادی سەگرمە) لە ساڵی 1951 لە سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگای پزیشکیی سلێمانییە، لە ساڵی 1974 پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلوولەوە کرددووە، لە ساڵی 1975 دەبێتە ئەندام لە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)، لە ساڵی 1976 بەشداربووە لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری و دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان، لە ساڵی 1980 بەشدری خول سەربازی کردووە لە لوبنان، لە نێوان ساڵانی 1976-1989 چەندین لێپرسراوێتی هەبووە لە ڕێکخستنەکانی ((ی.ن.ک))، بەشداری چەندین چالاکی و شەڕکردووە لە دژی حکومەتی عێراق، لە ساڵی 1989 بەسەختی برینداربووە، لە ئێستادا لە سلێمانی دەژی).2022.

[lxv] کوردستانی نوی: یەکەمین پێشمەرگە دوای هەرەس کاك حمە سەعید لە بارەی شۆرشی نوێوە دەڵێ، ساڵی دووەم، ژ(403)، سێ شەممە، 1993/6/1، ل5.

[lxvi] وەرگیراوە لە: گۆڤاری چیا: گەشانەوەی پشکۆکان لە شارەوە بۆ شاخ، بەشێك لە بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەی دێرین حوسێن کەریم قادر ناسراو بە حەمە سەعید قەڵەو بە بۆنەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، ئامادەکردنی: مەریوان سابیر، ژ(30)، شوباتی 2010، ل40-41.

[lxvii] د. ئەحمەد حەمەد ئەمین: ڕەوتی چەپ... ل139؛ برایم جەلال: چەپکێك... ل187؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سالار عزیز، سلێمانی، 14ی تشرینی دووەمی 2021. ( نەجمەددین عزیز ناسراو بە (سالار عەزیز) لە ساڵی 1949 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، لە ساڵی 1961 دەبێتە ئەندام لە

(پ.د.ک)، پاش جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی دەبێت لایەنگریان، لە ساڵی 1976 ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری و دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان، لە نێوان ساڵانی 1976-1985، چەندین پۆستی هەبووە، لە ساڵی 1985 بەشداربووە لە دروستکردنی (ئاڵای شۆڕش)، لە ساڵی 1994 بووە بە پارێزگاری سلێمانی، بە شداربووە لە دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان، لە ساڵی 2010 وازی لە بزوتنەوەکە هێناوە، لە ئێستادا لە شاری سلێمانی دەژی).

[lxviii] د. ئەحمەد حەمەد ئەمین: ڕەوتی چەپ... ل139؛ سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی ی نیشتیمانی ی کوردستان... ل136.

[lxix] صلاح چاوشین: لە سەرەتای شۆڕشی نوێ ئەدوێ، کوردستانی نوێ، ساڵی دووهەم، ژ(403)، سێ شەممە، 1993/6/1، ل5؛ ئاوات قارەمانی: س، پ، ل43.

[lxx] محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی: ئارام و بزوتنەوەی شۆڕشگێری کورد، ب1، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، سلێمانی، 2004، ل23؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئازاد سەگرمە، 1ی شوباتی 2022؛ مەلا بەختیار: چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە، ب1، 2012، ل280؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاوات قارەمانی، سلێمانی، 1ی حوزەیرانی 2022. (ئاوات عەلی عەبدولکریم ناسرا بە (ئاوات قارەمانی) لە ساڵی 1943 لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، لە ساڵی 1963 دەبێتە ئەندام لە ریزی رێکخستنەکانی (پدک)، پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکات، پاش جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پشتگیرییان لێدەکات، لە ساڵی 1971 دەبێتە ئەندام لە لە ریکستنەکانی (کۆمەڵەی مارکسی_ لینین)، لە کانوونی یەکەمی 1976 دەبێتە پێشمەرگە، لە نێوان ساڵانی 1977_ 1978 دەبێتە لێپرسراوی هەر دوو ناوچەی قەرەداغ و گەرمیان، لە ئازاری 1978 دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە، لە ساڵی 1980 بەشداری لە خولی سەربازی (لوبنان) دەکات، دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان دەبیتە فەرماندەی تیپەکانی (33ی سلێمانی، 47 پیرە مەگرون، 55ی قەرەداغ)، ساڵی 1987 دەبێتە لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی یەک، بەشداری چەندین چالاکی و شەڕی کردووە لە دژی حکومەتی عێراق، لە ئێستادا لە شاری سلێمانی دەژی).

[lxxi] شێرکۆ خانزادی: ئازادی سەگرمە لەدیدارێکی (زەردە)دا، گۆڤاری زەردە، ژ(5، 6)، زستان و بەهاری 2021، ل22.

[lxxii] رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، چ3، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2017، ل54؛ ئاسی ڕەباتی: هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشور، ب1، چ1، سوێد، 1990، ل41؛ سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی ی نیشتیمانی ی کوردستان... ل137؛ هەوڵنامەی شۆڕش، ژ(1)، ل42.

[lxxiii] کۆبوونەوەکە بە ئامادەبوونی هەریەکە لە ( عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید، سەید کاکە، قادر عزیز، تاهیری علی والی ، ڕەسول مامەند، یاسین قادر، جەوهەر سەعید، جفەر ئاسودە). وەرگیراوە لە: ئیسماعیل تەنیا: س، پ، ل36.

[lxxiv] لاوکۆ سادق کەریم: مەشخەڵی شۆڕش بەرەوە کێوی (قەندیل) ب1، کوردستانی نوێ، ساڵی نۆیەم، ژ(2059)، شەممە، 200/1/29، ل7؛ جەمال ئاغا: یادی ڕۆژانی سەروەری دەگێڕێتەوە، گفتوگۆی سەردار عبدالکریم،کوردستانی نوێ، ساڵی پێنجەم، ژ(1417)، یەك شەممە، 1997/6/1، ل6.

[lxxv] سەید کاکە: بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چ1، ئایاری 1989، ل87.

[lxxvi] ئیسماعیل تەنیا: حزبی سۆسیالستی کوردستان، کانوونی دووەمی ١٩٧٦-شوباتی ١٩٩٣ (هەڵکشان ... داکشان... پەرتەوازەبوون)، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩، ل36.

[lxxvii] خدر مستەفا: لە سێ هەمین ساڵرۆژی باڵ سووری قەندیل، ( عەزیز داود)ی فەرماندە، کوردستانی نوێ، ژ(1315)، هەینی، 1996 /6/21، ل2.

[lxxviii] ئینسکلوپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ب3، ل 2140-2141؛ دیداری تەمەن، ب2، 54.

[lxxix] الشرارة: عام جدید من النچال و الغناء، ع2، السنه الاولي، کانون الثاني 1976، ص1.

[lxxx] محمودی مەلا عیززەت: بازنەکانی ململانێ و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەی کورد، چ1، سلێمانی، 1998، ل85.

[lxxxi] وەرگیراوەلە: د. جەمال فەتحوڵڵا تەیب: س، پ، ل149.

[lxxxii] نەوشیروان مستەفا: لە یادی 25ی ساڵەی شەهیدبوونی ئارام دا، چاو پێکەوتن: فەلاح کەریم، کوردستانی نوێ، ساڵی دوانزەهەم، ژ(2978)، شەممە،2003/2/1، ل2؛ حمید صادق: لە یادی شەهیدبوونی هاوڕێ ئارام دا، کوردستانی نوێ، ساڵی دووەم، ژ(304)، یەك شەممە، 1993/1/31، ل6.

[lxxxiii] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئازادی سەگرمە، سلیمانی، 1ی شوباتی 2022.

[lxxxiv] محمدی حاجی محمود: شۆڕش و پێشمەرگایەتی... ل14.

[lxxxv] بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ (ڕێبازی نوێ) دەگێڕێتەوە، ژ(13)، کانوونی یەکەمی 1998، ل109.

[lxxxvi] د. جەمال فەتحوڵڵا تەیب: س،پ، ل149.

[lxxxvii] نەوشیروان مستەفا: لە کەناری دانوبەوە ...، ل143.

[lxxxviii] لە کەناری دانوبەوە ... ، ل145.

[lxxxix] گۆڤاری چیا: گەشانەوەی پشکۆکان لە شارەوە بۆ شاخ ..، ل41.

[xc] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵوێستی ئێران بەرانبەر کورد بڕوانە: فاروق محەمەد محەمەدئەمین: سیاسەتی ئێران...، ل102-123.

[xci] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هۆکاری ڕووبەڕوونەوەکە و ژمارەی پێشمەرگەکان بڕوانە: محمد حاجی محمود: ڕۆژ مێری پێشمەرگەیەك، ب1، 1976-1981، چ1، چاپخانە و ئۆفسێتی بێساران، سلێمانی، 1998، ل35-37. سەبارەت بە ڕێککەوتی یەکەمین ڕووبەڕووبونەوەی مەفرەزەکە شارەزور و حکومەتی عێراق، شێخ عەلی وتویەتی:" لە شەوی11ی تەموزی 1976 دابوو". لە لایەکی ترەوە هەوڵنامەی شۆڕش، ڕێککەوتی ئەم شەڕە بۆ مانگی ئابی 1976 داناوە. وەرگیراوە لە: بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ... ل109؛ هەوڵنامەی شۆڕش، ژ1، ل27.

[xcii] شێخ عەلی: کەشکۆڵی بەسەرهاتم... ل110.

[xciii] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی محمود، گوڵخانە، 8ی ئەیلوی 2022.

[xciv] وەگیراوە لە فلیمی دیکۆمێنتاری: First Shot After The Silence، ئامادەکردنی:هەوراز محەمەد، دەرهێنانی: خەسرەو حمە کەریم، خولەکی 42. سەبارەت بە یەکەم تەقەی شۆڕشی نوێ، شەوکەتی حاجی مشیر وتویەتی:" شەرەفی تەقاندنی یەکەم فیشەکی شۆڕشی نوێ بە (عەلی شیعە)، بەخشرا، ئەمەش دوای ئەوەی لە چالاکییەك لە پردی زەڵمی شارەزوو لە ئابی 1976 لە دژی حکومەتی عێراقی ئەنجامدرا". نامەی دووەم بۆ بیرخستنەوەی شەهیدە گوم ناوەکانی سەرەتای شۆڕشی نوێ،کوردستانی نوی، ژ(1267)، هەینی، 1996/4/19، ل2.

[xcv] هەوڵنامەی شۆڕش، ژ1، ل27.

[xcvi] شێخ عەلی: بیرەوەرییەکانی خۆی... ل10.

[xcvii] کوردستانی نوێ: مەفرەزە سەرەتاییەکان داستانی دەستپێکردنەوەی شۆڕش دەگێڕنەوە، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ژ(1624)، ساڵی حەوتەم، دوو شەممە، 1998/6/1، ل6؛ شێخ عەلی: بیرەوەرییەکانی خۆی... ل10. سەبارەت بە ڕێککەوتی چالاکییەکە شەوکەتی حاجی مشیر وتویەتی:"

له30 تەموزی 1976، ڕژێم لە هاوینە هەواری ئەحمەد ئاوا، ئاهەنگێکی سازکردبوو، هێرشمان کردە سەریان و چەند پۆلیسێك کوژرا، ئەمەش پڕوپاگەندەیەکی باش بوو بۆ پێشمەرگە، چونکە بە هەزاران کەس لە شارەکانی خوارو و ناوەڕاستی عێراق ڕوویان کردبووە ئەم هاوینە هەوارە". مێژووی ئەم گەلە بە خوێن نوسراوە، هەقە دڵسۆزیین بۆی و چەواشەی نەکەین، کوردستانی نوێ، ساڵی دووهەم، ژ(405)، 1993/6/6، ل6.

[xcviii] فاتیح حیدر عارف، لە ساڵی 1949 لە گوندی سازانی ناوچەی هەڵەبجە لەدایکبووە، لە ساڵی 1963 لە تەمەنی چواردە ساڵی پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات و دەبێتە پێشمەرگە، پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975 دەبێتە ئەندام لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی _ کوردستان، لە ساڵی 1976 دەبێتە پێشمەرگە، لە هەمان ساڵدا لە 13ی ئەیلولی 1976 لە یەکەم ڕووبەڕووبونەوەی پێشمەرگە و حکومەتی عێراق لە گوندی قاینجەی سەر بە شارۆچکەی سەیدسادق شەهید دەبێت و دەبێتە یەکەم شەهیدی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. وەرگیراوە لە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ب2، ل1509.

[xcix] لە تشرینی یەکەمی 1976 (فاتیح شێخ حیدر)، لە چوارچێوەی ئەو چالاکییەی بۆی دانرابوو، نارنجوکێکی خستە منضمەی هەڵەبجە. هەوڵنامەی شۆڕش، ژ1، ل28.

[c] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حامد حاجی غالی، سلێمانی، 28ی ئەیلولی 2022.

[ci] مجدی حاجی محمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك...، ب1، ل40.

[cii] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حامد حاجی غالی، سلێمانی،28ی ئەیلولی 2022؛ سەبارەت بەو کەسانەی پەیوەندی دەکەن بە مەفرەزەکە، مجدی حاجی دەڵێت:" هەر یەکە لە حمەی حمە فەرەج، هاشم ڕەشید و وەهاب حاجی عوسمان زەڵمی)، کە هەموویان بێ چەك بوون، لەو کاتەدا پەیوەندی دەکەن بە مەفرەزەکەوە"چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مجدی حاجی محمود، گوڵخانە، 8ی ئەیلولی 2022.

[ciii] شێخ عەلی: کەشکۆڵی ... ل133.

[civ] وەرگیراوە لە: سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان... ل139؛ ئینسکلوپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ب2، ل1509. ؛ سەبارەت بە ڕێککەوتی ئەم شەڕە لە هەندێ سەرچاوەدا ڕێککەوتی 7/6 تشرینی یەکەمی 1976 دەست نیشان کراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شەوکەتی حاجی مشیر: گوم ناوەکانی سەرەتای شۆڕشی نوێ شەهیدی نەمر( حمە رشید حاجی سعید)، کوردستانی نوێ،ژ(1315)، هەینی، 1996/6/21، ل4.

[cv] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حامد حاجی غالی، سلێمانی،28 ی ئەیلولی 2022.

[cvi] وەگیراوە لە فلیمی دیکۆمێنتاری: First Shot After The Silence، خولەکی ؛ هەڤاڵ ئەبو بکر: هەڵبجە؛ لە نێو تەرمی مردووەکان دا بۆ ژیانی نوێ دەگەڕێ، کوردستانی نوێ، ساڵی پێنجەم، ژ( 1239)، هەینی، 1996/3/15، ل8.

[cvii] ل28-29.

[cviii] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مجدی حاجی محمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك، ب1، ل41؛ شێخ عەلی: کەشکۆڵی ... ل133.

[cix] شەوکەتی حاجی مشیر: گوم ناوەکانی سەرەتای شۆڕشی نوێ ... ل4.

[cx] هەوڵنامەی شۆڕش، ژ(1)، ل28.

[cxi] مجدی حاجی محمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك، ب1، ل41

[cxii] وەرگیراوە لە: هەوڵنامەی شۆڕش، ژ(1)، ل29.

[cxiii] ئینسکلوپیدیای یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، ب1، ل 195_196.

[cxiv] بەشێك لەو پێشمەرگانەی لەم شەڕەدا بەشداربوون پێکهاتبوون لە ( قادر خەبات، برایم حاجی مینە، ڕەسول حاجی خدر، حەمە ئەمین حەمەدە کەژە، برایم حەمەد حسێن، حەمەد مام محمود، عەوڵا مینە، حەمەد حاجی مەلا شەنگە، قادر حاجی ڕەسول، ڕەحمان سمایل و حەمەد مینە). وەرگیراوە لە : هـ، س، ل 195-196.

[cxv] الاتحاد الوطني الكردستاني _ قسم الاء علام: تقرير حول الوضع العسكري في كردستان العراق, ص2..

[cxvi] ن، م، ص2.

[cxvii] هەوڵنامەی شۆڕش، ژ(1)، ل29.

[cxviii] هەوڵنامەی شۆڕش، ژ(1)، ل29.

[cxix] وەرگیراوە لە : الاتحاد الوطني الكردستاني _ قسم الاء علام: تقرير حول الوضع العسكري في كردستان العراق, ص2.

[cxx] ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ب3، ل1987.

[cxxi] ئەو هاوڵاتییانەی شەهیدکران لە هەوڵنامەی شۆڕشی ژ(1)، ناوی دووانیان هاتووە ئەوانیش بریتین لە (ڕەمەزان عەزیز و مستەفا عەزیز). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ل29.

[cxxii] بۆ زانیاری زیاتر بروانە: هەوڵنامەی شۆڕش، ژ(1)، ل30.

[cxxiii] الاتحاد الوطني الكردستاني _ قسم الاء علام: تقرير حول الوضع العسكري في كردستان العراق, ص3.

[cxxiv] ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ب2، ل1183.

[cxxv] الاتحاد الوطني الكردستاني _ قسم الاء علام: تقرير حول الوضع العسكري في كردستان العراق ؛ هەوڵنامەی شۆڕش، ژ(1)، ل30.

[cxxvi] الاتحاد الوطني الكردستاني _ قسم الاء علام: تقرير حول الوضع العسكري في كردستان العراق،ص3.

[cxxvii] وەرگیراوە لە: ن، م، ص3.

[cxxviii] هەوڵنامەی شۆڕش، ژ(1)، ل30.

[cxxix] ؛ الاتحاد الوطني الكردستاني _ قسم الاء علام: تقرير حول الوضع العسكري في كردستان العراق، ص3.

[cxxx] وەرگیراوە لە: هەوڵنامەی شۆڕش، ژ(1)، ل30.

[cxxxi] الاتحاد الوطني الكردستاني _ قسم الاء علام: تقرير حول الوضع العسكري في كردستان العراق، ص3.

[cxxxii] وەرگیراوە لە: هەوڵنامەی شۆڕش، ژ(1)، ل30_31.

[cxxxiii] دوای ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، لە شارەکانی بەغداد و سلێمانی، دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لێیان لەوانە ( ئەنوەر زۆراب، جەبار فەرمان، سەعدون فەیلی، دارۆی شێخ نوری، ئەنوەر حەسەن، خدر سەوز، مەحمەد میرزا سەعید و سەلام برزۆ) لە شاری بەغداد، لە شاری سلێمانیش هەر یەکە لە ( ئاسۆی شێخ نوری، عوسمان نانەوا، مامۆستا حوسێن ڕەزا، کەمال عەلی، فاروق ئەحمەد، دکتۆر جەمیل، کاکە حەمەی عەتیە، نورەدین فەتاح، جەمیل و عەلی مراد)، هەریەکە بۆ خۆ دەربازکردن لە گرتن هەریەکە لە(شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید، فەریدون عەبدولقادر، عمری سەید عەلی، عەلی بچکۆل)، بڕیار دەدەن لە ڕێگای ئێرانەوە بەرەو سوریا بڕۆن، بە مەبەستی خۆ دەرباز کردن و پەیوەندی کردن بە سەرکردایەتی (ی.ن.ك)، لە 23ی ئەیلولی 1975 بەڕێدەکەون، بەڵام لە وڵاتی ئیران لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە دەستگیردەکرێن بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە 1ی کانوونی دووەمی 1976 ڕادەستی حکومەتی عێراق دەکرێنەوە، لە 11ی تەموزی هەمانساڵدا دادگایی دەکرێن، هەر یەك لە (شهاب شێخ نوری، جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب) بڕیاری لەسێدارەدانیان دەدرێت و ئەوانی تر بە 6 ساڵ زیندانی کردن سزا دەدرێن، بڕیاری لە سێدارە دانیان لە 21ی تشرینی دووەمی 1976 لە بەندینخانەی ئەبو غرێب جێبەجێدەکرێت. بۆ

زانیاری زیاتر بڕوانە: سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان... ل91_92؛ ڕێبازی نوێ: تێکۆشەرە دلێرەکان فاشیزم ڕیسوا دەکەن، ژ(2)، تشرینی دووەمی 1976، ل8).

[cxxxiv] الشرارة: البیشمرکە یئتقمون لرفاقهم الشهداء، ع(5)، کانون الاول 1976، ص3؛ حیدر سمیر سالم: الأوضاع السیاسیة لکرد العراق في عهد الرئیس أحمد حسن البکر (1968-1979), رسالة الماجستیر، غیر منشورة، کلیة الاداب، جامعة البصرة، ص187.

[cxxxv] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاوات قارەمانی، سلێمانی، 1ی حوزەیرانی 2022.

[cxxxvi] پێش دەستپێکردنی چالاکییەکە بەهۆی کێشە و گرفت لە نێو مەفرەزەکەی پێشمەرگە، بەشێك لە پێشمەرگەکان دەنێرنەوە شاخ، هەروەها بەشێك لە ڕێکخستنەکانی ناو شار بەشداری چالاکییەکەیان کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئاگادارێك: یەکەمین تەقەی شۆڕش یان تەقەنە کردنی ناو زێراب! وەڵامێك بە گێڕانەوەی/ حەمەی مام عەلی، لە سەر لێدانی پارێزگاری سلێمانی 1976/12/21، ساڵی هەشتەم، ژ(1871)، دوو شەممە، 1999/5/31، ل5.

[cxxxvii] الاتحاد الوطنی الکردستانی _ قسم الاء علام: تقریر حول الوضع العسکري في کردستان العراق، ص5.

[cxxxviii] ن، م، ص4.

[cxxxix] هەوڵنامەی شۆڕش، ژ(1)، ل31.

[cxl] [cxl] وەرگیراوە لە: الاتحاد الوطنی الکردستانی _ قسم الاء علام: تقریر حول الوضع العسکري في کردستان العراق،ص4.

[cxli] وەرگیراوە لە: ن،م، ص4.

[cxlii] ن، م، ص4.

[cxliii] هەواڵنامەی شۆڕش، ژ(1)، ل31.

[cxliv] وەرگیراوە لە: الاتحاد الوطنی الکردستانی _ قسم الاء علام: تقریر حول الوضع العسکري في کردستان العراق، ص4.

[cxlv] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الشرارة: القوات الفاشیة تقیم مذبحة دمویة في شارستێن، ع(5)، ص3.

[cxlvi] ن، م، ص4.

[cxlvii] ئازاد سەرەوی: خاکپۆشەکان ... ل82_83.

## لیستی سەرچاوەکان:


1_ پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان

2_ نەخشەی ڕزگاری.

3- االتحاد الوطنی الکردستانی _ قسم الاء علام: تقریر حول الوضع العسکري في کردستان العراق.

4_ ئارام قادر خەبات: شێرە کوڕانی قەندیل یەکەمی مەفرەزەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوون، چ2، سلێمانی.

5- ئازاد سەرەوی: خاکپۆشەکان، چ1، چاپخانەی کارۆ، 2019.

6_ئیسماعیل تەنیا: حزبی سۆسیالستی کوردستان، کانوونی دووەمی ١٩٧٦- شوباتی ١٩٩٣ (هەڵکشان ... داکشان... پەرتەوازەبوون)، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩.

7_ ئاسی ڕەباتی: هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشور، ب1، چ1، سوێد،

8_ ئەحمەد حەمەدئەمین(دکتۆر): ڕەوتی چەپ لەباشووری کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەنموونە، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦.

9_ ئەمیرە مجد : شنەبای گەشاندنەوەی ژیلەمۆکان، (ئازاد هەورامی، کەکوکییەکی کوردستانی) ،،چاپخانەی حەمدی، سێمانی، ٢٠١٨.

10_ بڵند شالی: کاروانی 38 شۆڕشگێڕەکە، وەرگێڕان و دارشتنەوەی بورهان حاجی سلێمان، چ1، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2021.

11_ جاسم توفیق خۆشناو: مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان،چ1، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2001.

12_ جەمال فەتحوڵا تەیب (دکتۆر): بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (1975/3/21_1980/11/28)، چ1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2021.

13_ دیداری تەمەن، مام جەلال، لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی : سەڵاح ڕەشید، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٧.

14_ دیڤید ڕۆمانۆ: بزاڤی ناسیۆلیستی کورد، دەرفەت، ڕێکخستن، ناسنامە، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە هۆمەر فەیزی، ب،چ، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠٢٠.

15_ ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، چ3، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2017.

16_ سەید کاکە: بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چ1، ئایاری 1989.

17_ سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی نیشتیمانی کوردسان، دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، چ1، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، سلێمانی،2002.

18_ سەڵاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، بۆچی سەری هەڵدا، چۆن گەشەیکرد، سەر ئەنجام، چ١، چاپخانە ناوندی ڕوشنبیریی ئەدیبیان، ٢٠٢٠.

19_ شێخ عەلی: کەشکۆڵی بەسەرهاتم، چ1، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2013.

20_ شێخ جەمال شێخ نوری، بیرەوەریەکانم لە ڕێکخستنی کۆمەڵەدا (١٩٧١-١٩٨٣)، ب١، چ١، سلێمانی، ١٩٩٨.

21_ شیلان حاجی شەریف: ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور لە ساڵانی 1975 – 1992، چ2، ب، ن، چ، .2021

22_ شەماڵ عەبدوڵا: یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاسۆیەك بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە، چ1، سلێمانی، 2005.

23_ عەلی تەتەر نێرەوی(دکتۆر) :بزاڤی ڕزگاریخوازی نەنەوەی کورد لەکوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2008.

24_ فاروق محەمەد محەمەدئەمین: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (1975_1989)،چ1، چاپخانەی ڕێ نوی، سلێمانی، 2014.

25_ مجد حاجی محمود: ڕۆژ مێری پێشمەرگەیەك، ب1، 1976-1981، چ1، چاپخانە و ئۆفسێتی بێسارانی، سلێمانی، 1998.

26_ محمودی مەلا عیززەت: بازنەکانی ململانێ و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەی کورد، چ1، سلێمانی، 1998.

27_ محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی: ئارام و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد، ب1، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، سلێمانی، 2004.

28_ مەلا بەختیار: چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە، ب1، .2012

29_ مەجید ساڵح: ڕامانێک لە نەوشیروان مستەفا ئەمین، چ١، چاپخانەی پیرە مێرد، سلێمانی، ٢٠٢١.

30_ نەوشیروان مستەفا: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕەی ناو زەنگ، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1975_1978، .1997

31_ نەوشیروان مستەفا ئەمین: قیادە موەقەتە لە چ بەرەیەکدا وەستاوە؟ چ2، چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ،

32_ هەستیار کەمال کوردی(دکتۆر): پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤێەت - عێراق و کاریگەری لە سەر باشووری کوردستان ١٩٧٢ – ١٩٩١،

لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەڵگەنامەییە، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

33_بلند شالی: انبثاق ثورة رماد ثورة مسيرة الـ٣٨ ثائرا، ط١، مطبعة حمدی، السلیمانیه، منشورات مکتب تنمية الفكر و التوعية فی التحاد الوطني الكردستاني، .2022

34_ مایکل ایم غینتر: کورد العراق ألام و امال، ت: عبدلسلام محمد روف النقشبندی، دار أراس لطبعة والنشر، ط١، أربيل.

35_ جنكيز تشاندار: قطار الرافيدين السريع، رحلة فی التاريخ (تركيا – الكورد – الشرق ألأوسط – الغرب)، ت: عبداقادر عبداللي، ط١، الدار العلوم ناشرون، بيروت، ٢٠١٤.

36_ خالد يونس خالد(دكتور): الزعيم الوطنی کوردستانی جلال الطالبانی (قائد و فكر وعصر)، ط٢، منشورات مکتب الفكر و والتوعية فی الاتحاد الوطنی الكردستاني، ٢٠٠٥.

37_ سالار أوسی: جلال طالبانی (احداپ و مواقف)، ط٢، دارالينابيع، دمشق، ٢٠٠٨.

38_ چیا: ، ژ(30)، شوباتی .2010

39_ کۆچ، ژ(7_8)، .2008

40_ کەلتور، ژ(٩) نیسانی ٢٠١٣، ساڵی چوارەم..

41_ گۆڤاری زەردە، ژ(5، 6)، زستان و بەهاری 2021

42_ هەوڵنامەی کوردستانی عێراق شۆڕشی، ژ(1)، مایسی 1978.

43_ ڕێبازی نوێ: ، ژ(2)، تشرینی دووەمی .1976

44_ الشرارة: ، ع2، السنه الاولي، كانون الثاني 1976

45_ الشرارة: ، ع(5)، كانون الاول 1976.

46_ برایەتی، ژ ( 3695)، 26/ 5/ 2002

47_ کوردستانی نوێ،ژ(1315)، هەینی، 1996./6/21.

48_ کوردستانی نوێ، ساڵی یەکەم، ژ(109)، پێنج شەممە، 4/ 6/ 1992.

49_ کوردستانی نوێ، ساڵی دووهەم، ژ(403)، سێ شەممە، 6/1/ 1993.

50_ کوردستانی نوێ، ساڵی دووەم، ژ(403)، سێ شەممە، 1993/6/1.

51_ کوردستانی نوی ، ساڵی دووەم، ژ(403)، سێ شەممە، 1993/6/1،

52_ کوردستانی نوێ، ساڵی دووهەم، ژ(403)، سێ شەممە، 1993/6/1.

53_ کوردستانی نوێ، ساڵی دووەم، ژ(304)، یەك شەممە، 1993/1/31.

54_ کوردستانی نوێ، ساڵی دووهەم، ژ(405)، 1993/6/6.

55_ کوردستانی نوێ، ژ(1308)، پێنج شەممە، 1996./6/13

56_کوردستانی نوی، ژ(1267)، هەینی، 1996/4/19

57_کوردستانی نوێ، ساڵی پێنجەم، ژ( 1239)، هەینی، 1996/3/15.

58_کوردستانی نوێ، ژ(1315)، هەینی، 21/6/ 1996.

59_ کوردستانی نوێ، ساڵی حەوتەم، ژ(1624)، دوو شەممە، 1/6/ 1998.

60_ کوردستانی نوێ: ، ژ(1624)، ساڵی حەوتەم، دوو شەممە، 1998/6/1.

61_کوردستانی نوێ، ساڵی هەشتەم، ژ(1873)، چوار شەممە، 1999/6/3.

62_ کوردستانی نوێ ،ساڵی هەشتەم، ژ(1871)، دوو شەممە، 1999/5/31،

63_ کوردستانی نوێ، ساڵی هەشتەم، ژ(1937)، سێ شەممە، 1999/8/31.

64_کوردستانی نوێ، ساڵی نۆیەم، ژ(2059)، شەممە، 2000/1/29.

65_کوردستانی نوی، ساڵی نۆیەم، ژ(2102)، شەممە، 2000/3/25.

66_کوردستانی نوێ ،ساڵی نۆیەم، ژ(2163)، یەک شەممە، 2000./6/4

67_کوردستانی نوێ، ساڵی دەهەم، ژ(2439)، یەکشەممە، 2001/4/29.

68_کوردستانی نوێ، ساڵی دەهەم، ژ(2466)، چوار شەممە، 2001/5/30.

69_کوردستانی نوێ، ساڵی دوانزەهەم، ژ(2978)، شەممە،2003/2/1.

70_کوردستانی نوێ، ساڵی دوانزەهەم، ژ(2978)، شەممە،2003/2/1.

71_کوردستانی نوێ، ساڵی دوانزەهەم، ژ(2978)، شەممە،2003/2/1.

72_کوردستانی نوێ، ساڵی سیانزەهەم، ژ(3473)، چوار شەممە، 2004/9/15.

73_کوردستانی نوێ، ساڵی چواردەهەم، ژ(3686)، چوار شەممە، 2005/6/1.

74_ کوردستانی نوێ، ساڵی دەهەم، ژ(2505)، یەکشەممە، 2005/7/15.

75_ الجريدة خەبات، ع( 677)،26ی گوڵانی .1993

76_ دلاوەر محمد صدیق زیباری: رۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق لەبزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەباشوری کوردستان(١٩٧٦_١٩٩١)، لێکولینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراو، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٧.

77_ سەرەوە عبدالرحمان عمر: پارتی کۆمۆنیستی عیراق و مەسەلەی کورد ١٩٣٤_١٩٧٥، نامەی دکتۆرا، بەشی مێژوو، کۆلیجی زانست مرۆڤایەتییەکان،

78_ حيدر سمير سالم: الأوضاع السياسية لكرد العراق في عهد الرئيس أحمد حسن البكر (1968-1979), رسالة الماجستير، غير منشورة، كلية الاداب، جامعة البصرة، غير منشورة، 2019.

79_ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عادل شکور، سلێمانی، 30ی ئازاری 2022.

80_چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سامان گەرمیانی، سلێمانی، 2ی ئازاری 2021.

81_ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمدی حاجی محود، گوڵخانە، 8ی ئەیلولی 2022.؛

82_چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، 14ی کانوونی یەکەمی 2021.

83_ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئاوات قارەمانی، سلێمانی، 1ی حوزەیرانی 2022

84_چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حامد حاجی غالی، سلێمانی،28 ی ئەیلولی 2022.

85_چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئازادی سەرگرمە، سلێمانی ، ١ی شوباتی ٢٠٢٢.

86_ ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، چ٤، ب3 (ک _ ی)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، .2021

87_ مديرية الأمن العامة/مديرية أمن محاضة بغداد، دليل ضابط الأمن.

88_ فلیمی دیکۆمێنتاری: First Shot After The Silence، ئامادەکردنی:هەوراز محەمەد، دەرهێنانی: خەسرەو حمه کەریم، 2021.